# نامەکانی مەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# نامەکانی مەم



ناوی کتێب: نامەکانی مەم
پێشەکی: ئیسماعیل بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١١٦
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: بخۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: ئەمیر داود + ڕەهێل ڕەشید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
تیرێژ: ١٦٠٠ دانە
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ



محەمەد مەولوود – مەم
چیرۆکنووس و رۆماننووس و رۆژنامەوان

## لە بەرایێدا

نامە گۆڕینەوە و نامەکاری بەتایبەتی لە ژیانی ئەدیبان و نووسەراندا بە «ئەدەبی پشت پەردە» ناودێرکراوە، زۆر شت هەیە لە هیچ شوێنێک بواری بڵاوکردنەوەی نییە تەنیا بەنامە نووسین و نامە گۆڕینەوە شوێنی خۆی دەکاتەوە.

مەم یەکێک بوو لەو چیرۆکنووسە داهێنەرانەی کە پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ سەرجەم توێژ و چینەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا هەبوو، چ بەحوکمی وەزیفەکەی لە شارەوانی هەولێر و چ خۆی وەک ئەدیبێکی خاوەن هەڵوێست و قەدرگران و ئینجا سەرنووسەری گۆڤاری هەولێر و بەرپرسیاری لە یەکێتی نووسەرانی کورد -لقی هەولێر- لە حەفتاکان.

***

ئەو نامانەی کە لێرەدا دەیخوێنینەوە هەر ئەوەندە نەبوون، جێگەی خۆیەتی سەربووردەی ئەو نامانە لێرەدا بگێڕینەوە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣١ کاتێک سوپای عیراق هێرشی هێنایە سەر شاری هەولێر ماڵی -مەم-یش وەک هەزاران ماڵی دیکە کەوتە بەر شاڵاوی -حەرەسی جمهوری- و کرا بە مەقەڕ، تاڵانچییەکان چەندان شتی بەنرخ وەک میدالیای زێڕ و پارەی کۆن و کەلوپەلی گرانبەهایان فەرهود کرد، کتێبخانەکەیان سەروبن کرد و نامەکانیش کەوتنە بن دەست و پێیان، ڕۆژی ١٩٩١/٤/٣ کاک فیکرەت عیزەتی پارێزەر سەردانی ماڵی -مەم- دەکات و دەبینێت وا دوو حەرەس جمهوری خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلن، دوای گفتوگۆیەکی زۆر قەناعەتیان پێ دێنێت کە ئەمە ماڵی ئەدیبێکی گەورەی کوردە و لە هەموو عێراقدا ناسراوە.

کاک فیکرەت دەستنووسەکان و نامەکان دەکاتە ناو فەردەیەک و دەیباتەوە ماڵی خۆیان تا خانەوادەی مەم لە ئێران دەگەڕێنەوە و تەسلیمیان دەکاتەوە.

بەم کارە مەردانەیە کاک فیکرەت دەستنووسەکان و ئەوەندە نامانەی





ڕزگار کرد، ئەوانی تریش کەوتنە بن دەست و پێیان و فەوتان.

***

لەم چەند نامەیەدا چەند خاڵێکی گرنگ بەدی دەکەین:

- مەم بەپەرۆشی ئەدەب و کەلەپووری نەتەوەکەیەوە بووە و هەممی گەورەی داهێنان بووە.
- مەم خەمخۆری هەژار و نەداری میللەتەکەی بووە و بەگوێرەی توانا یارمەتی داون.
- مەم لەگەڵ قەڵەمەکەی خۆیدا ڕاستگۆ بووە و هەرگیز مساوەمەی نەکردووە.

***

ئەم هەنگاوە جوانەی دەزگای ئاراس مایەی پێزانین و ڕێزلێنانە، بەهیوای ئەوەی ئەمە دەسپێکێک بێت تا خەڵکانی دیکەش بەخۆکەون و ئەو ئەدەبەی بن بەڕێ بیننە سەر بەڕێ.

ئیسماعیل بەرزنجی

هاوینی ٢٠٠١ - هەولێر

## نامەکانی هەژار

١٩٦٢/٧/١٨

*برای خۆشەویست کاک محەمەد ڕۆژباش*

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر نامەیەکم بۆ ناردی لەوێدا نووسیبووم (٥) دینارم بۆ داوی بە مامۆستا گیو جا ئەمەم بۆیە نووسیبوو کە خۆم حازر کردبوو بیدەمێ بەڵام دایکی منداڵەکانم لێ نەخۆش کەوت. سەرت نەئێشینم ئەوە لە حەوت ڕۆژدا نۆ دینارم بە دەرمان و دکتۆر چووە پارەیەکیشم لەلای کاک عەبدوللا هەیە بە خوا ڕەنگە خۆی لە حەفتا، هەشتا دینار بدا بەڵام هەر دەڵێ جارێ نیمە و دەبێ سولفە وەرگرم جا ئەگەر دەزانی بۆت ممکن دەبێ ئەوا لە باتی من ئەو مانگە بیدە خۆ ئەگەر دەستیشت ناگاو پارەت نییە ئەوا پێم بڵێوە ئەگەر زێڕی دایکی محەمەدیشم بردبێتە بازاڕ پەکت هەر ناخەم چونکە بەڕاستی من زۆر دڵم بەو خانووەی ئەوێ خۆشە هەروەک بۆم نووسیبووی ئەوا وکالەتنامەکانم ناردووە بۆ قەڵادزە کە لەوێ ئیمزا بکرێن و بۆ تۆی بەڕێکەنەوە هەولێر جا بەحیسابی من دەبێ تا ئێستە بۆت هاتبێتەوە.

نازانم بۆچی نەهاتی بۆ بەغدا بەخوا زۆر چاوەڕوانت بووین. ئەحوالی ماڵەوە ئەپرسین



هەژار و مەم





هومێد وایە دایکت و خوشکت و هونەر ساغ و بەکەیف بن سەلامی هەموو لایەکمان بۆ هەموو لایەکتان. برام توخوا تەنبەڵی مەکە هیچ نەبێ لە ١٥ ڕۆژدا جارێک کاغزمان بۆ بنووسە، سەلام لە تاهیر تۆفیق دەکەم، کورە خۆ ئەو مەلعونە هەزار جار بێتە بەغدا جارێک نایبینم. خوا عەقڵ بدا بەئەولادی. ئیتر خۆشیت بەدڵ دەخوازم.

برات: هەژار

***

برای خۆشەویست کاکە مەم قەت پێم وانەبوو بە ژنهێنان ئێمەشت لە بیرچووە خۆمان فەلسەفەیەکمان بوو دەمان گوت بۆیە خەسوو ڕقی لە بووک دەبێتەوە چونکە کوڕەکەی لێ دەستێنی بەڵام وا دیارە ملی خۆشمانی گرتۆتەوە وا بووکی تازە لە هاوالانیشت دەستێنی وام لێ هاتووە وەختە هەموو بووکی دنیام ناخۆش بوێ بە بووکەکەش بڵێ وا نەکا باشە چونکە وا دیارە لە جیاتی خەسووێک هەزار خەسوو پەیدا دەکا کاکە بەڕاستی زۆر بێ خەبەرت هێشتوین هەر لە خۆت ئەپرسم جا ئەمە ئاردە هەموو ڕۆژێ مەعصووم دوو جارم لێ دەپرسی کاک محەمەد چی کرد؟ چی پێ بڵێم. جا بەڕاستی چت کرد؟ تا پێی بڵێم. بەڵام تۆ سەری عەلی بەگی عەزیز و خۆشەویست کە دەڵێی کۆپی کاک وردییە و تۆزێک درێژترە فەورەن بەدرێژی و پانی کاغەزمان بۆ بنووسە با بزانین جێگات لە ئیعرابدا چییە. ئیتر وەکیلی سەلام و کەلام دایک و خوشک و بووک و هونەر و عەلی بەگ و عەشیرەت و مامۆستا گیو و هەرچی دەیناسی. خەبەری کاک عەبدوللا و کاک یوسفیش چ دەزانی بۆم بنووسە لەگەڵ خاڵم حەیدەر چی کردووە سەلام لە کاک جەوهەری شاعیر و نووسەری تووڕە دەکەم.

ئیتر چاوەڕوانی نامەتانین منداڵان هەموو سەلامتان لێ ئەکەن.

برات: هەژار ٦٤/٩/١٩

***

*برای شیرینم کاکە مەم پێم خۆشە زۆرباش بی*

نامە ڕەنگینەکەتم پێ گەیشت گەشاندمیەوە و هەرچەند تۆزێک دارکاریشی تێدا بوو بەڵام چاوی خۆم قوچاند خۆت دەزانی لەو سەفەرەتدا ڕازی نەبووی بەخزمەتکردنی من بۆیە دەرگات هەڵبوارد و چوویە ماڵە ئاغا، بەهەرحاڵ ئەوی ڕابرد ڕابرد. انشاءالله بۆ جارێکی تر ئەم پەڵەیەم لەسەر هەڵدەگریەوە.

کاکە گیان بۆ کامیراکەت نووسیوە کە پێی ڕازی نی. بەڵام من ئەزانم زۆر کامیرای

چاکە و ڕەسم زۆر باش دەگرێ، ئەگەر ئێستا باشت پێ نەگرتووە سووچی ئەو نییە سووچی خۆتە هێشتا فێری نەبووی و دەستت لێ ڕانەهاتوە... دەبێ ئەوەندەش بزانی کە من ئەو کامیرایەم بە پارە نەداوە بەتۆ بەڵام ئەگەر بمگوتایە پارەم ناوێ ئەو دەمە نەتدەویست بۆیە گوتم ١٠ دینار بدە و جارێ تا خۆم نەڵێم بۆم مەنێرە. جا چونکە من بەدیاریم داوە بەتۆ دیسان ئەگەر بەسەرم دادەیەوە زۆر ڕووزەرد دەبم با ئەو کامیرایەت بەیادگار هەر لەلابێ ئەگەر هەر پێشت باش نەبوو ئەوا ئەگەر هاتی کامیرایەکی تر پەیدا دەکەین.

کاکە گیان بۆ خۆت دەزانی کاکە عەبدوللا ئنتقادی لە کاری هەموو کەس هەیە و بۆ خۆشی زۆر جار تووشی هەڵە دەبێت جا کە من حیکایەتی قەبض و شراکەتی جەمعیەتەکەم بۆ گێڕاوە گوتی: جا چۆن بەناوی خۆت نووسیووە. ئەو دەمە یان دەبی خانووت هەبێ یان لە عەرز حاصلی کەلام ئەو دەڵێ با محەمەدی کورت بەشدار بێ نەک خۆت.

جا ئەگەر دەزانی قسەکەی مەعقولە ئەوا ناچاری ئەو درۆیە بفەرمووی و بڵێی من ناوەکەم لێ تێک چووە: عەبدولرەحمان محەمەد نییە بەڵکو محەمەد عەبدولرەحمان محەمەد مستەفایە. خۆ ئەگەر دەشزانی وانییە و کاک عەولا لێی نەزانیوە ئەوا با هەر وەک خۆی بێ. بەڵام بەڕاستی زۆر چاودەبەر و شەرمەزاری خۆت کردم کە ئەم



لە وێنەکەدا مەم و هەژار «هەژار بەجلی کوردی دەناسرێتەوە»





زەحمەتەت کێشا و ڕێکتخست. گیانەکەم من ٥ دینارم دایتێ ئێستاش هەموو سەری مانگ ٥ دینار دەنێرم زیادیەکەش ئەدەم. بەقسەی کاک عەولا دەبی تۆ سەری مانگ بێیتەوە بەغدا کاکە جا ئەوە ڕاسپاردەی ئەوە هەرچەند تۆزێکیش خۆم ئەگرێتەوە.

ئەگەر ممکن بوو گونیەیەک گەنم و گونیەیەک هەرزنە گەورە (أذره) یاخۆ دوو گونیە گەنمی تۆزێک دەنک وردمان لەگەڵ خۆت بۆ بێنە بۆ مامرەکان، زۆر سەلامم لە مامۆستا گیو بکە. ها باش بوو بیرم کەوتەوە من خۆم دوو دینارەکەم داوە بە ئەحمەد فەهمی تۆ دەگەڵ مامۆستای حیساب کە.

زۆر سەلامی هەموو لایەکمان بەهەموو لایەکتان بگەیەنە چاوی هونەر ماچ ئەکەین.

هەر بژی بەخۆشی هەرچی تۆ خۆشت دەوێ سەلامی منی لێ بکە تاهیر تۆفیق نەبێ چونکە ئەو مەلعونە سەد جار دێتە بەغدا و نامبینی.

هەر بژی بۆ برات: هەژار

***

*برای زۆر خۆشەویستم کاک مەم*

خۆشیت لە خوا دەخوازم

زۆر بەداخەوە بیستوومە کە جوان نەماوە و دواییش نامەکەی خۆت تەئکیدی کرد. من خۆم وەکو باوکێک زۆر باش ئەزانم ئەو ڕووداوە چەند دڵتەزێنە بەڵام واش تۆ ئەناسم کە زۆر واقعی تری لەوە کە مەسئەلەی مەرگ و ژیانت بۆ شی نەکرابێتەوە. لێم ڕوونە باشتر لە هەموو کەس ئەزانی کە ئەبی لە ڕووی دنیای دڵرەقا خۆت کز و بێچارە نیشان نەدەی.

چەندم پێ خۆشە قسەی ئەو شاعیرە کە دەڵێ: لە ڕووی ظالمان دا ئیظهاری عاجزی کردن وەک فرمێسکی کەبابە لەسەر ئاگر کە بڵێسەکە خۆشتر دەکا.

بەڕاستی منیش و مەعصوم بۆ ماوەیەکی زۆر تەمێکی وا دایگرتین کە هێشتا نەڕەویوەتەوە، خوا تەمەنی سۆزان درێژکا و تۆڵەی ئەو خەسارەتەشمان بۆ بکاتەوە.

بۆ حکایەتی کاک عەبدوللاش زۆر پەرێشانم، تۆ بڵێی لەشکری بەلا دوایی پێ نەیە، بەهومێدم قڕانی تێکەوی، دیسان هەر ئەوەندەم لە دەست دێت کە بڵێم خوا چاکی بکات.

گیانە لە زمان مندا سەرەخۆشی لە براژنم بکە و مەعصومیش بەقەد ئەو ناڕەحەتە

سەلامی ئەویشی لێ بکە.

کاکە مەم ئەگەر دنیا بوو ڕێگەت کەوتە بەغدا یان بەنامە بە کاک عەبدوللا کانی مارانی بفەرموو دارەکانیان هەموو مصادەرە کردووە، سامی دەڵێ من وا بەباش دەزانم کاک عەبدوللا بۆ خۆی بێ و بچێتە لای مام شەریف بەڵکو تا نەفرۆشراون شتێک بکا، ئیتر ئەوە ڕاسپاردەی سامی‌یە، هەروەها ئەگەر خۆت چوویتە بەغدا عەبدوللا شلێر ببینە و بفەرموو ئەگەر پارەیەک بۆ هەژار هەیە بمدەیە و لێی وەربگرە.

ئیتر خۆشیت لە خودا داوا ئەکەم

برای دڵسۆزت: هەژار

٩٦٧/٧/١٠

نامەیەکم بۆ بەغدا نووسیوە داومە بە ڕزگار بەبێ زەحمەت لێی وەربگرە و بۆ خۆت بۆمان لە پۆستە بهاوێ.

***

*برای زۆر خۆشەویستم ابو سوران الورد*

نامەکەتم پێ گەیشت زۆر بەخەبەری نەخۆشیت دڵتەنگ بووم و غەیری ئاوات و دوعای بەخێر نازانم چیم لە دەست دێت.



مەم و زاگرۆسی کوڕی هەژار





کاکە گیان بەڕاستی زۆر لە خۆم تووڕە و وەڕەزبووم کە نامەکەی پێشووم بۆ نووسیبووی چونکە دەڵێن مارانگاز لە دەزووی ڕەش و سپیش دەترسی. ئەوەندە تا ئێستا ڕەفیقانی دڵسۆز وازیان لێ هێناوم دەستم لەسەر دڵمە بۆ ئەوانەی ماون.

من لەوەدا سووچی کەس ناگرم دەزانم بۆ خۆم نەقص و عەیبم تێدا هەیە و پیاو کە بەدبەخت بوو ئەو وردە کۆسپانە بۆی دەبن بە ئیعتیادی.

منێکی ئاوارەی دەربەدەر وەک کارگ هەڵتۆقیوم و دەشمەوێ وەک خەڵکی خۆڵاتی بەرانبەر بێمەوە، دیارە ئەو خەیاڵە خاوە تووشی هەزار داوم دەکا.

بەهەرحاڵ ڕوحەکەم ئێستا کە چاو دەگێڕم و سەر هەڵدێنم تەنیا ئەستێرەیەکم بەعاسمانەوە ماوە کە ترووسکەی هومێدێکی لێوە دەبینم ئەو ئەستێرەشم تۆی، حەز ناکەم ئاوابی و هەوری چڵکنی دڵ ئێشانت بێتە بەر، بەڵکو خوا لەو ئاواتەم دا ناهومێدم ناکا.

کاکە زۆر ئاواتمە زوو چاک بیەوە و زۆر سەلامم بۆ براژنم و چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم ئیتر بەهومێدی دیدار.

ابو مصطفی

***

*برای زۆر بەڕێزم باوکی سۆران ڕۆژباش*

قوربان زۆر لە مێژە هیچ خەبەرم لێت نییە بە هومێدم خۆشت ڕابواردبێ و ساغ بی و منداڵیش بەکەیف و دەماغ بن، ئەگەر لە ئێمە دەپرسی لە سایەی سەری دۆستانەوە بێ خەمین و تەنیا وەرەزی ئێوە دەکەین، مەعسوم هەر چاوەنۆڕتانە و دەڵێ دێن بۆ لامان، کاکە نازانم خۆتان چۆنی بەباش دەزانن، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە ئەمساڵ جێگەکەمان لە هەموو ساڵان خۆشترە و ئاوەکەمان لە هەموو ئاوان سازگار ترە...، جا ئەگەر بێن و سەرمان بدەن زۆرمان پێ خۆش دەبێ، ئەگەریش یەن کاک ئەمینیش دیارە دەگەڵ خۆتانا دێن.

کاکە گیان خۆشم و خۆشت هەر جارێک لامان وابووە کە خانووەکە نەفرۆشین و بۆ دواڕۆژ ئەوەندەمان ببی.. بەڵام وابزانم تەنگوچەڵەمەی ژیان بەرژەوەندی دواڕۆژ لەبیر دەباتەوە، جا ئەگەر هەڵکەوت و کەسێکی وا هەبوو سەربەسەر بەو پارەی لێی صەرف کراوە هەڵی گرێتەوە لام وایە بیفرۆشی و چی دەمێنێتەوە بیدەی بە منداڵەکان.

پەنجا دینارم لە لای کاک هاشم هەیە بەڵکو لە هاتنی منداڵەکانم بۆ لاتان لە

ئەیلولدا بیان داتەوە.

تا کاک حافظ هەبوو ئێمە هیچ خەمی کرێ خانوومان لەبەر نەبوو بەڵام بەناشکوری نەبێ ئەو ئەوا لە خەستەخانە کەوتووە و وا بزانم ئەبێ خۆت ئەو تەکلیفە بخەیە ئەستۆ و هەر بە سێ مانگ وا بکەی کرێیەکە بدرێ.. جا ئەگەر کاکە عەلی زاواشت دەستەبەر ببی هەر زۆر چاکە خۆ من شوکور کەسی ترم پێ شک نایە هاواری بۆ بەرم تۆ نەبی...

نازانم شەرەف نامەت خوێندوتەوە یان نا ؟ بە فارسی نووسراوە و لە لایەن محەمەد عەلی عەونی و مەلا جەمیلەوە دووجار کراوە بە عەرەبی، وا من ئێستا شانم لێ داخستووە و دەیکەم بە کوردی ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا وا بزانم شتێکی مناسبی لێ دەردەچێ، تا ئێستا نزیکەی نیوەم وەرگێڕاوە با بزانین چۆن دەبێ.

ڕەنگە تۆش وەک خۆم ڕزگاری و نور بخوێنیتەوە بەڕاستی لەو نەقدە لاذع و جوانەی کە کردبووی زۆر دڵم خۆش بوو زۆریشی خزمەت پێکردم بەڵام من چاوەنواڕ بووم زۆرتر و خراپتر بنووسن... واتا بەداخەوە کەمیان نووسی، حەیفە پیاو هێندە وریا و زیرەک نەبێ لە نەقد کردندا!.

بووکە شووشەی مامۆستا مارفم دیت خراپ نییە. بەڵام نازانم ئەوەکانی تۆ بۆ دەرنەچوون خۆ قەرار وابوو زوو دەرکەون یان دەرکەوتووە و من پێم نەزانیوە؟ نازانم...

زۆر سەلام و کەلامم بۆ مامۆستا پیرۆز و زۆر سەلام بۆ کاک جەودەت و هەموو برادەڕانت.

خۆشم و مەعصومیش زۆر سەلام لە براژن و لە دایک دەکەین و پڕ بەدنیاش سەلام و سوپاس بۆ کاک ئەمین.

چاوی هەموو منداڵەکان ماچ دەکەم و منداڵەکانمان دەستتان ماچ دەکەن.

ئیتر هەر بژی بەخۆشی و هومێدەوارم هەر سەربەرز و سەرکەوتووبن.

برات: باوکی مستەفا

١٩٦٩/٧/٢١

کاک سلێمان کە لە لامانە سەلامتان لێ دەکا.

***





بێ خۆلان - چۆمان

*برای بەنرخ و خۆشەویستم کاکە ئەبو سۆران ڕۆژباش.*

بەڵێ گفتم پێ دابووی کە زۆر زوو شیعری مام هێمن و مەقالێکی خۆمت بۆ بنێرم. بەڵام ڕەنگە زۆرباش تەبیاتی من بناسی. چل ڕووپەڕێکم پاکنووسی حاشیەی شەرەفنامە مابوو لەبەر چاوم وەک چیای هەڵگورد بوون شانم لێ داخست و هەموو شتێکم وەلانا تا ئەوم خەلاس کرد. ئەوسا ئەو مەقالەیەم نووسی جا نازانم بەدڵتە یان نا ؟ ئەگەر پێت باش بوو ئەگەر ماوە ماوە لە هەولێردا چاپی بکە.

جا ئەوجار چۆنی چاکی شوکور؟ منداڵ خۆ باشن؟ زۆر سەلامم بۆ براژن و دایک و هونەر و سافیە. ئەرێ کاکە لە بابەت یەکیەتی ئەدیبانی هەولێرەوە چتان کرد هیچت بۆ نەنووسیم. چونکە ئەگەر بزانم هەر کۆسپتان دەخەنە ڕێگە تا لای مەلا مستەفا باسی بکەم، حەز دەکەم بۆم ڕوون کەیتەوە، من خۆم تا کتێبەکەم خەلاس نەبێ نایەمەوە، ئەگەر نامەم بەهۆی فەرانسۆ حەریری بۆ بنووسی پێم دەگا.

ئیتر وەکیل بە سەلامان بە، نازانم قاپە ماستەکانت دەست کەوتەوە یان نا ؟ زۆر سەلامم بۆ حاجی ئەمین، تاهیر تەوفیقیشت لەبیر نەچێ سەلامی لێ دەکەم. خۆشی و سەرکەوتنت لە خوا دەخوازم

برات: هەژار

١٩٧٠/١٢/٤

***

## ناسۆری تەشەنا

وەرە مەیگێڕ ئەوشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لووزەوم بەردە سەری نامەوێ جورعەی کەم
تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە... بەمەیی کۆنی دەبێ مەلحەم کەم
مشتومالی دەوێ ئاوێنەیی ژەنگاوی خەیاڵ
مەستوگێژم کە هەتا گاڵە بەجامی جەم کەم
ئێستە بۆ چارەیی خەم گۆشەیی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێک دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم

چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا ؟ تێ گەییوم
لەم ولاتە هەمـــوو شت زۆرە بەنی ئادەم کــــەم
تا نەرووخـاوە بلا پڕ بێ لە خـۆشی و مـەستی
تازە پێی ناوێ کە من هۆدەیی خـۆم مـەحکەم کـەم
پیـر و زورهانم و ئێـستـەش دڵەکـەم هەر دەیەوێ
سەر و ماڵم بەفیـدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم
داسـتـانی مـەم و زین کـۆنە کـچـێکم گـەرەکە
شلکە ڕانی بگوشم بۆنی لە سینگ و مـەم کـەم
من لە جـوانی دەگـەڕێم تێـپـەڕە زسـتـانی دزێو
کچ کە رووم نادەنێ با سەیری گوڵ و شەونەم کەم
شـەڕە بایە لە چیـاکـان و هەوا تووشـە دەنا
وەکو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم

برای خۆشەویستم کاکە مەم: ئەوا جارێ شیعرەکانی مام هێمنم بۆ ناردی پەنا بەخوا بەهومێدم مەقالەکەشت زوو بۆ بنێرم، ئینشاڵڵا قاپە ماستەکانت وەرگرتوونەوە.

طبعا□ مام هێمن و مام عەلی سەلامت لێ دەکەن.

برات: هەژار ١٩٧٠/١١/٢٣

***



هەژار و مەم و هێمن





باوکی سۆران سەلام عەلێک

کاکە گیان کاک محەمەد عەلی دوکانێکی لە هەولێر هەیە دەڵێن دەخرێتە مزایەدە بۆ خۆشی ئێستا وێنەگری پێشمەرگەیە لە ناوپردان... نازانم چەندت پێ دەکرێ مساعدەی بکەی؟

لێم روونە تۆ دریغی ناکەی...

عەبدولوهاب ئەتروشیم دیت و گلەییم لێ کرد کە مستەفای دانەمەزراندووە.

سوێندی خواردووە کە دای دەمەزرێنێ و قضیـ□ـە منتهیيە، با بچێتەوە لای بزانین چۆن دەبێ. لەو یەک دوو ڕۆژەش دا خۆم دێمەوە.

برات :هەژار ١٩٧١/٤/٢٣

***

## بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە

زۆر لە مێژ ساڵە لەناو کوردەواری خۆماندا پرسیارێک دەماودەم و دەستاودەست دەکا، کە ئاخۆ بۆچی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکانمان تا زیندوون کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە کەس بەهیچیان نازانن. کەچی کە دەمرن و لە دەست دەچن دەگەڕێنەوە سەریان و شینیان بۆ دەگێڕن و کۆڕی شەپۆڕیان بۆ دەبەستن و چاکیان پێ هەڵدەڵێن و خۆشیان دەربارە دەبێژن و فرمێسکی گەرموگوڕیان لە دوو هەڵدەڕێژن؟

لە ڕاستیدا پرسیارەکە تا ئێستا بێ وەرام ماوەتەوە و هەریەک بەجۆرێک لێکی داوەتەوە، من لام وایە کوردیش وەک هەموو کەسی تر دەزانی بێ شیعر ناژی، چیرۆکی چاکی بەلاوە خۆش و پەسندە... بەڵام بەو مەرجە کە بەخۆڕایی دەستی کەوێ و بیبیسێ و زیانی ماڵی لێ نەکەوێ...

شاعیر و نووسەر دەبێ کات و ساتی بۆ نووسینەکە تەرخان کا و ئەویش وەک هەموو ئافەریدەیەک خـواردن و لانەی دەوێ و ئەبێ ژیانی ڕۆژانەی پەیدابێ، ئەمـجـار بۆ ڕەنێوهێنانی بەرهەمەکەشی ناچارە داوای یارمەتی لەم و لەو بکا.. ئەمەش بۆ ئەو ئەم و ئەوە دەری ناهێنێ و کابرای خاوەن پارە با حەزیش لە شیعر بکا بەڵام حەز لە پارە پتر دەکا و شیعری بەخۆڕایی پێ خۆشترە لەوەی کە بیکڕێ.!!

جا بۆ ئەوە لەو نیاز و مەبەستەی دا سەرکەوی دەست دەکا بەخراپە گوتن و ڕەخنە لێ گرتن، ئەو شاعیرەی کە ڕەنگە کاری بکەوێتە لای و بەو فێڵە ڕژدی و چنۆکی خۆی

پینە دەکا...

بەڵام ئەگەر ئەو شاعیرە یان ئەو نووسەرە مرد «وەک دەڵێن مانگا مرد و دو برا» تازە داوای هیچ لە کەس ناکا و ئەوی لە ژیانا کردوویە بەبێ نرخ بژاردن بۆ هەموو کەس ماوەتەوە. ئەوسا هەموو کەس بەبێ ترس لە زیان دەتوانی بڵێ: زۆرم خۆشدەویست و خۆشم دەوێ و چاکی گوتووە و زۆر بەر دڵم دەکەوێ و نووسەرێکە هەرگیز نامرێ و



نەریمان و هێمن و مەم
لە ژێر پەیکەری حاجی قادر لە کۆیە





ئەگەر بەزیندوویی کۆڵێتێکی نەبوو ئێستا وا لەناو دڵماندا دەژی و جێگای زۆر گەرم و خۆشە و هەموو دنیا بۆی بە پەروشەوەیە!!.

ئەوجار هەر ئەو پیاوە مەردە بادەداتەوە سەر زیندووەکان و گەڕ دەو نووسەرانە دەهاڵێنی کە هێشتا دەمیان دەجوولێ و خواردن و بەرگ و خانوویان دەوێ و چاویان لێ دەقونجێنێ دەمیان لێ دەکاتەوە و بەجڕوجونگ و خشتوخاڵیان ناو دەبا و پاڵیان پێوە دەنێ.

بەکورتی و بە کوردی ئەگەر وردی لێک دەینەوە دەزانین کە ئاکارێکی زۆر نانەجیبانە ملی گرتووین و دەمانەوێ شاعیر و نووسەرمان دڵمان خۆشکەن و ئامۆژگاریمان بکەن. بەڵام نۆکەری بێ خەڵات و بەراتمان بن.

حاجی قادرمان بەپێخواسی و بێ چۆغە و کاڵەک لە باڵەک سووڕاوەتەوە و سەرباری ئەوەش خەڵکی کۆیە شاربەدەریان کردووە و بە کافر و پیاوخراپیان داناوە، خەڵکی سولەیمانی نەدەچوونە نەورۆزێک کە پیرەمێرد بۆی ساز دەکردن و هەزار درۆ و بوختانی بە خت و خۆڕاییەیان بۆ هەڵدەبەست، بێکەس لێفەیەکی نەبوو بەخۆی دادا دەچوونە سەیری قڕەی خۆی و خێزانی لەسەر لێفە بەڵام کەس نەبوو دەست بەرێ پارەی لێفەیەک بدا.

گۆران ئەگەر لە بەندیخانەدا نەبوایە دەبوایە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای بۆ نانی ڕۆژانەی بپیوایە، گوایە ئەو ڕۆژگارە کەس نەبووە لە شیعر سەری دەرچێ و تامی هونەر بکا؟ بەڵێ هەبوو بەڵام وەک گوتم ئەگەر بیان گوتایە ئێوە باشن دەبوایە یارمەتیشیان بدەن جا بۆ ئەوە خۆیان لێ بدزنەوە و بۆیان ماندوو نەبن بڕوبەهانەیان پێ دەگرتن و خۆیان لە چنگ ڕزگار دەکردن.

لە زەمانی ئەواندا شاعیر و نووسەری پێش ئەوانیان هێناوەتە پێش چاویان و ناویان بەڕێزەوە هێناون و ڕاوەستاون تا یەکێک لەو زیندووانەش مردووە و ئەوسا گورج هەستیان بەبلیمەتی و گەورەیی ئەویش کردووە و گوتویانە: ئەشەدەم بیللا شاعیرێکی گەورە و نەمر بووە و ئەوانەی ئێستا ماون خوێڕی و تۆڕین و بۆ ئەوە نابێ پیاو بیان ناسێ.

حاجی قادر پێغەمبەری کوردایەتیمانە و پیرەمێرد گەنجینەی ئەدەبیاتی بۆ جێ هێشتین و بێکەس دەرسی ئازایەتی دەداین و گۆران دەسکە گوڵی سەر سەبەتەی ئەدیبانی کوردە و پێویستە کۆتەڵیان بۆ بڕازێنینەوە و پەیکەریان بەرزکەینەوە و شینیان

تازە بێتەوە و ئاکاریان و کرداریان لە بیر کورد نەچێتەوە و لەلای بێگانە و خۆ شانازییان پێوە بکەین!!؟!

ڕۆژێک لە بەغدا بەبەر دوکانێکدا ڕادەبردم. چەقەڵێکی مردووی مۆمیایی کراوی لێ دانرابوو، لەسەری نووسرابوو: نرخی ٢٥ دینارە، سەری زمانی خۆم گەست، ئایا دەبێ ئەو چەقەڵە بە زیندوویی شاعیر بووبێ؟... ئەگەر شاعیریش بووبێ چەقەڵی کوردستان بێ... چەقەڵ بە زیندوویی پەنجا فلسێک ناکا ئەگەر مرد و مۆمیایی کرا نرخی ٢٥ دینارە!؟.

ئای سەد خۆزگە ئەم گەلە نەجیبەمان لەو ئاکارە نانەجیبانەیەشی ڕزگاری دەهات و وای لێ دەهات بەبێ لەڕوودامان بەچاکی بوگتایە چاک جا با زیندووش بوایە، قامکی دەچاوی خراپ ڕابکردایە جا با مردووی مۆمیا کراویش بوایە. خوا گەورەیە... هیچ دوور نییە ئەو ڕۆژەش بە چاو ببینین کە بەزیندی سەر، کورتە بالا و درێژان لێک جیاکەینەوە و هەر بەمردوویی لینگی هونەرمەندانمان لەبەریەک نەکێشینەوە، بەهومێدی ئەو ڕۆژە.

***

## نامەکانی د. مارف خەزنەدار

*بۆ برای خۆشەویستم کاکە حەمەی مەم*

ڕۆژباش

هەواڵت ئەپرسم، هیوام وایە لە خۆشی دابی، نامە خۆشەکەتم پێ گەیشت، ئەوا وەرامی ئەدەمەوە:

١- مۆری لقی یەکێتییەکەمانم بۆت نارد، ئەگەر بەتەمای ئەوە بوویتایە ئەوانەی پێویست بوو بۆتی دروست بکەن و بینێرن ئەوا هەر پێت نەئەگەیشت، ناچار بووم کە نامەکەتم وەرگرت خستمە سەرشانی خۆم و بەشەوێک تەواوم کرد.

٢- ئەوا دیسانەوە دەفتەرێکی ئابوونەم بۆتان ڕەوان کرد، هیوام وایە تا ڕۆژی کۆنفرانسی ئێوە هەمووی پڕ کرابێتەوە، بەتایبەتی سەری مانگە.

٣- ئێوارەی ڕۆژی ١٤/١/١٩٧١ لە هەولێر ئەبم، هیوام وایە کۆنفرانسەکەمان سەرکەوتووبێ.

٤- ژمارەیەکی نووسەری کورد ئەبێ تا کۆنفرانسی ئێوە دەربچێ، خوا بکا ئێمە لەگەڵ خۆمانا بۆتان بهێنین.

سڵاوم بۆ هەموو لایێک، منالەکان هەواڵتان ئەپرسن و چاوی منالەکان ماچ ئەکەن،





کاک هەژار دوو ڕۆژە لە ماڵەوە کەوتووە، لەوانەیە بەم زوانە بێتە لاتان، وتارمان بۆ بنێرن، خۆشتان باش کۆبکەنەوە بۆ کۆنفرانسەکە.

ئیتر بژی چاوەڕوانی هیمەتتانم.

برات: مارف خەزنەدار

١٩٧٠/١٢/٢٨

***

*بۆ برای خۆشەویستم مامۆستا کاکە حەمەی «مەم» پێشکەشە*

ڕۆژتان باش

چاوەکانت ماچ ئەکەم، ڕێز و نوازشاتم بۆ ئافەرین خان، چاوی منداڵەکانت ماچ دەکەم، هەر چۆنێ بێ گەیشتمە هەواری تازەم. ئەو کارەی بۆی هاتبووم واتە دەرس وتنەوە، باش و ڕێکوپێکە. ئەگەرچی ماندووم و دەرسم زۆرە بەڵام کارەکەم پێ خۆشە. بەتایبەتی وەخت و کاتیشم زۆرە، ئەو کارە زانستییانەی لە ماڵەوە بۆم تەواو نەدەکران لێرە تەواویان دەکەم... ئیتر وەکو دەبینی باشم، بەڵام دوور وڵاتی و دووری لە دۆست و هاوڕێ و برادەران کارێکی گەورەی تێ کردووم، بەڕاستی هەستم بەوە نەدەکرد کەوا دەبم، بەتایبەتی دوور وڵاتیم زۆر دیوە لە ژیان دا، هەر چۆنێ بێ زوو زوو دەتوانم بێمەوە.

هێشتا لەناو فڕۆکە بووم ناوەڕۆکی نووسینی ئەدەبی و هونەری هێرشی بردبووە ناو مێشکم، ئەوا لەپاڵ نووسینەکانی زانستیم شتم بۆ دێ و زوو بەزوو تۆماریان دەکەم، ڕەنگە لە دواڕۆژدا بەدڵت بن.

بیرتان دەکەم، هەر چۆنێ بێ هەزار ناز و نیعمەت نابێتە جێگری دوور وڵاتی، سڵاو لە هەموو دۆست و برادەران دەکەم، بۆ هەندێکیان نامەم نووسی، ئەوانی تریش لەم ڕۆژانەدا بۆیان دەنووسم.

ئاگاداری هیچ شتێکی لای خۆمان نیم، بەتایبەتی هەواڵی خوێندەواری، بۆم بنووسن، ناوونیشانم بە فەرەنسی و عەرەبی نووسیوە، بەهەر کامێکیان بنووسن دەگات.

دووبارە چاوەکانت ماچ دەکەمەوە و بژی.

برات: مارف خەزنەدار

***

*بۆ برای خۆشەویستم کاک «مەم» پێشکەشە*

ڕۆژتان باش،

هەواڵتان ئەپرسم، هیوام وایە لە خۆشی دابن، ئەم جارە بێ وەفابووی و ئەوەندەی پێویست بوو یەکتریمان نەدی، بەڵام یا ئەبێ لە کەرکووک و میهرەجانەکە یەکتری ببینین یا من دێمەوە هەولێر.

لە ڕۆژنامەی «هاوکاری»دا، عەزیز گەردی خۆی دەرخستبوو، نەوەکو تەنیا عەزیز گەردی، بەڵکو تاقمێک، ئەو تاقمە ترسنۆکە خەریکن ئەم بێچارەیە ئەکەن بەقۆچی قوربانی.

من لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە تا ئێستا، ڕەخنەم لە زۆر کەس گرتووە و زۆر کەسیش ڕەخنەیان لەمن گرتووە، بەڵام تا ئێستا کەس وا خۆی نزم نەکردووە پێم بڵێ: (بێ ئارەقە کردن لە شوێنێکا ئەفەرمووی...)، وە منیش ئەم قسە بازاڕییەم بەکەس نەوتووە... جیاوازی لەنێوانی من و ئەم شەمشەمەکوێرەیە، یا ئەم شەمشەمەکوێرانە ئەوەیە کە من لەوە توورە نابم ئەگەر پێم بڵێن نووسەر نی، بەڵام لەوە توورە ئەبم کە پێم بڵێن: شەرم بکە. بەڵام شەمشەمەکوێرەکان ئەگەر لێشیان بدەی پێیان خۆشە، تەنیا پێیان بڵێ نووسەری یا شاعیری... دوێنێ هاوڕێم مامۆستا سەعید ناکام لەو گۆڤارەی خۆم کاری تێدا ئەکەم پێی وتم هیچ نازانی، ئەمە تووڕەی نەکردم، بەڵام هێشتا ئەو کەسە لە دایک نەبووە بتوانێ پێم بڵێ «شەرم بکە!» جا چی جا عەزیز گەردییێک...



مەم و نووسەرانی هەولێر لە ژێر پەیکەری حاجی قادری کۆیی





نازانم بۆ شەرم بکەم، لەسەر دزی، کوشتن، تاوانباری، نیشتمان فرۆشتن! نازانم بۆچ پێویستە شەرم بکەم.

ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری ئەوێ، چونکە چارەکە چەرخێکە وەکو وتم، گەلێ کەس ڕەخنەی لێ گرتووم و منیش ڕەخنەم لە گەلێ کەس گرتووە، بەڵام ئامادە نیم بۆ جارێکیش لەپێش عەزیز گەردی ناوێک خۆم بەخەجاڵەتی ببینم. ئامادەم زۆری لەسەر برۆم، زۆریشی لەسەر ئەڕۆم، قەت باوەڕیش مەکە خۆم ئەوەندە نزم ئەکەم و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وەرامی ئەدەمەوە. ئێستاش تا ماوەی دوو هەفتەی تر ئەگەر ئەم عەزیز گەردییە پاشگەز بووەوە و بەهەر شێوەیێکی خۆی دایئەنێ دانی بەم هەڵەیەی هێنا و منی لەم خەجاڵەتە ڕزگار کرد، ئەوا هەموو شتێک تەواو ئەبێ، ئەگینا ئۆباڵی خۆی لە ئەستۆی خۆی... ئەتوانی بەزمانی منەوە ئەم هەموو قسانەی بۆ بگێڕییەوە، بۆ شەمشەمەکوێرەکانی تریش ئەگەر ناسیتن. ئیتر دووبارە هەواڵتان ئەپرسم و جەمال سلاوتان لێ ئەکا و نوازشاتم بۆ ماڵ و مناڵ و خێزانت بژی.

مام هێمن لەگەڵ منا دێ، بۆ سلێمانی و کەرکووک، لەوانەیە بۆ هەولێریش ئەگەر تۆ نەیێی بۆ کەرکووک.

١- هیوام وایە ئەو وتارەی کە لە هەولێر نووسیمەوە بۆ گۆڤاری «هەولێر» بڵاو نەکرێتەوە، بەهیچ جۆرێ ڕازی نیم بە بڵاوکردنەوەی. ئەوا نامەم بۆ کاک بلالیش نووسی لەم بابەتەوە، جا یا لای خۆتی دابنێ، یا لای کاک بلال بێ.

٢- لە ڕاستیدا نووسینەوەی ئەم نامەیە بۆ تۆ لە ڕووی دڵسۆزی منەوە بوو بەرامبەر بەتۆ، چونکە دوێنێ ئێوارە لە مەجلیسێکدا باس وتارەکەی هاوکاری کرا. زۆربەی خەڵکەکە لەسەر ئەو ڕایە بوون کە دانەری تەنیا عەزیز گەردی نییە، بەڵکو شەمشەمەکوێرەکانیش هاوبەشن، بەم بۆنەیەوە یەکێک ناوی تۆشی هێنا، منی خاوەن هەق بەتووڕەیییەوە وەرامم دایەوە کە ئەمە ڕاست نییە.

برات: مارف خەزنەدار

١٩٧٢/٣/١٩

***

## نامەکانی بیمار

*مامۆستا محەمەدی خۆشەویست*

ڕۆژتان باش

زۆر لەمێژە بەڵکو لە ساڵێک پترە ئارەزووی نامەیەک ئەکەم بۆتی بنووسم بەڵام وا چاکترین هەل هاتە پێشەوە... کە بەبۆنەی چیرۆکەکەت «قینی لێم بوو!» دەمەوێ گوڵاوی ڕۆژباشت پێشکەش بکەم. وە پیرۆزباییەکی گەرموگوڕت لێ بکەم بەهۆی ئەم سەرکەوتنە پیرۆزەت لە مەیدانی چیرۆکی کوردیا.

چیرۆکی (پەنجا فلس)م خوێندەوە، باش بوو بەڵام ئەم چیرۆکە (قینی لێم بوو) ئێجگا باش بوو وە باسێکی زۆر ورد و بەکەلکت گرتبوو بەشێوەیەکی بەهێز و زمانێکی ڕەوانەوە بۆت گێڕاینەوە، توانیبووت جڵەوی خوێندەوار هەر لە یەکەم دێرەوە هەتا دێری دوایی زۆر بەتین بگری و چرکەیەک شەخصیەتی خۆت لە خوێندەوار نەشاریتەوە. وە ئەم سەرەتا و ئەم دیباچەیەی هەردوو چیرۆکەکەت پێ ڕازاندبۆوە زۆر لەجێی خۆی بوو وە بووبووە هۆیەک بۆ جوتدانی ئارەزووی خوێندەوار لە خوێندنەوەی وە هەتا بڵێی واقعی بوون و واقیعەتییان لێوە ئەتکایەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە چیرۆکەکان وەنەبێ هەر وێنە نیشان دانێک بێ و بەس بەڵکو بەزنجیرە هێنانەوەیەکی مەنتیقی و گرێی چیرۆکت دیار کردبوو بەبێ ئەوەی نووسەر هیلاک بکات، هەر چیرۆکەی گرێی خۆی دیاربوو، لە دواییدا هەتا دوا هەناسەی شەوق و گەرموگوڕی خوێندەوارەوە بە پەندێکی عەمەلی و واقعی یان بە ڕووداوێکی خۆشی سەیر ئەم گرێیانە ئەکرانەوە. کە بەلای منەوە گرێ کردنەوە و دوایی پێ هێنانی چیرۆکی کورت شتێکی زۆر مهم و گرانە.. ئافەرین بۆ ئەو نووسەرانەی وەکو تۆ لێی دا سەردەکەون.

کاکە مەم: چیرۆکەکانت تێمان دەگەیەنێ کە نووسەرەکەی بەهرەیەکی چیرۆکی هەیە و بەری ڕەنجدان و پیشەسازی «صناعە»و خۆ ماندووکردن نییە... وەک هەندێ لە چیرۆکنووسەکان: هەر چیرۆکێکت شاگوڵێکی گوڵزاری بەهرەداریە و کێڵگەیەکی سەوز و ئاوەدانە و... گەواهە بۆ ئەوەی تا چەند هونەری چیرۆکی تازەت تێدا چاندووە، وە هەر چیرۆکێکت شایەدە بۆ ئەوەی کە تۆ بەگیانێکی پاکەوە دەستت لێ هەرماڵیوە بۆ دروس کردنی تەلاری تا سەری چیرۆکی کوردی.

زۆر جێگەی شانازیە کە ئێمە لەم سەردەمەدا چیرۆکنووسی وەکو مەم و محرم





محەمەد ئەمین و ئیبراهیم ئەحمەدمان هەبێت.

مامۆستا گیان دەبێ ئەوەت بخەمەوە بیر کە ئیشوکاری تۆ لە مەیدانی چیرۆکدا هەر ئەوە نییە (٢٠٠) لاپەڕەیەکت نووسیبی «وەکو لەخۆتم بیستووە» بەڵکو فەرمانی سەرشانی تۆ بەرامبەر مێژووی ئەدەبەوە زۆر لەوە گەورەترە... فەرمانتان دروستکردنی کۆڵەگە و بناغەیە.. پێگەیاندنە، تێگەیاندنە، ئەمەش بەروبوومێکی زۆرە پێویستە هەتان بێت.

بێ گومانم هەر چۆنێک بنووسیت تۆ هەر نووسەرێکی (واقیعی)، کەوابێ پێویستیمان بەتۆ زیاتر ئەوەیە هەر ئەو باسانەت لە قاڵبێکی هونەری بەرز دابرێژێت، ئەتوانی شێوە و جۆری ڕێگەی هونەری چیرۆکی تازەی لەسەر تەتبیق بکەی و لە ڕادەی نزمی نەزانانی تێپەڕینی، چونکە زۆر هەیە هونەری چیرۆکنووسینی لا زۆر ئاسانە و بگرە هەر بەهیچی نازانێ و هەرچۆنێک هاتەپێش ئەینووسێت و بە چیرۆکیشی ئەداتە قەڵەم، ئەمەش هەر لەبەرئەوەی کابرا واقعیە و باسی میللەت و کۆمەڵی کردووە، ئەمما هونەری نووسین هەر هیچ پێی ناوێ!!

واتە، لەم ئەدەبە واقیعە دەست لێ داوە نە وابکەی شێوە (شکل) بەسەر ناوەڕۆک (مضمون)دا سەرکەوێت و ناوەڕۆک بزر بکات وە نەوا بکەی ناوەڕۆک و باسەکە شێوەی نووسین بزر بکات و بکا بەقسەی ئاسایی!

ئەمانە وابزانم هەمووی زیادە بوو بۆم نووسیت چونکی پێویستیت بەم جۆرە ئامۆژگاریانە نییە، من لەوە بێ گومانم بەڵام دڵم وای ئاو خواردەوە کە شتێک دەربارەی چیرۆکەکان هەر بنووسم ئینجا کەم و زۆر.

سەرنج: بەتەمام شیعرەکانم نەختێکیان لەژێر ناوی (تروسکە ئاواتێک)دا چاپ بکەم.

برات: عبدالرزاق بیمار

١٩٥٧/١٢/٢٨

***

*مامۆستای بەڕێز کاکە محەمەدی خۆشەویست*

ڕۆژتان باش.

لە دوورەوە، پاش ماوەیەکی دوورودرێژی بێ دەنگی و بێ هەواڵی لە ناکاوا نامەیەکت بۆ ئەنووسم، کە وەکو خۆم خاووشڕۆڵ بێت بەڵام دیسانەوە حەز ئەکەم

گەرمترین سەلامی خۆشەویستیت لە برایەکی دڵسۆز و پەسندکەری ئەدەبەکەت هەڵگرێ و سۆزی دووریت بێننە پێش چاو.

مامۆستا باسی نامەی پێشووت ناکەم چونکە لەوە دەرچوو کە داوای پۆزش هێنانەوە و لێ بوردن بکەم وە لەوەدایە کە بوترێ بەبیری کەس نایە کە کاغەزی ئێوەم پێگەیشتووە و وەڵامیم لە دڵا بوو نەهاتۆتە سەر کاغەز.

ئەم جارە لە هیوادا ڕەخنەی کتێبی «قەلای دمدم»ی مستەفا سالح کەریم ئەبینن کە نووسیوومە و لە وتارەدا زۆر بەسادەیی و تواضع «خاکێتی»یەوە شوێنی تۆشم دیار کردووە لە مەیدانی چیرۆکی کوردیا، هیوادارم کە بەرچاوت بکەوێت و شایانی خوێندنەوە بێت وە خەریکم دراسەتێکی کورت لەسەر تۆ و چیرۆکەکانت بنووسم تکایە هەندێ مەعلوماتم بۆ بنووسە وە ئەوەش بزانە ئێستا بۆ نووسینی «هیوا» لیژنەیەک دامەزراوە، منیان کردووە بە ئەندام وە ڕەنگبێ حەزیش بکەیت ئەوانی تر بناسیت ئەوانیش علاءالدین سجادی، محەمەد مەلا کەریم، کاکە مەم فخری و ناهدە و منم.

ئیتر تکام وایە بەلەز وەڵامم بۆ بنووسیتەوە و بەڵێنت ئەدەمێ کە لەمەودوا یەک ڕۆژ نامەت دوا ناخەم. حەز ئەکەم مەعلوماتەکان لەم نقطانە دابێت:

١- مێژووی ژیانی خۆت، لە بابەت هاتنتان بۆ شەقلاوا... دەوری منالیت، ئازاری منالیت ئەگەر هەبێ.

٢- چ کارێ زۆر تەئسیری لە ژیانی لاوی کردوویت؟

٣- نەخۆشی لەش چ کارێکی کردۆتە سەر دەروونت و جۆری ژیانت...

٤- سەرەتای خوێندەواریت... کام کتێبی ئەدەبی.. هی کام زمان تەئسیری یەکەمجاری هەیە لە سەرتا... وە ئێستا کام کتێب ڕێگەی ئەدەبت بۆ ئەڕەخسێنێ وەکام نووسەر هی کورد یا بێگانە حەز بەنووسینەکانی ئەکەیت؟ وە هەست دەکەی پێیەوە هۆگر بووی؟

٥- لە ئەدەبدا کە ڕێگەی واقعیەتت گرتبێ کام چەشنە واقعیەتە؟

٦- ئایا بیری نەتەوایەتی پێویستە بەسەر هەموو کەرەستەکانی تری ئەدەبی و هونەری ئەدەبدا زاڵ بێت؟ هەر چەندە ئەدەبی نەتەوایەتیت ئەدەبێکی ئینسانیشە لە هەمان کاتا، ئایا حەزت نەکردووە ئەدەبێکی ئینسانی ڕووت بنووسیت؟

٧- یەکەم چیرۆکت کامەیە؟ وەئەوەی بڵاوت کردبێتەوە کامەیە؟ وە ئەم چیرۆکەی خۆت کە زۆر پەسندی ئەکەیت کامەیە؟ وە لەبەر چی؟





- تکا ئەکەم کە ئەم پرسیارانە بەئەوپەڕی سنگ فراوانی و ڕاستگۆیی «کە پیشەیەکی تەواوی خۆتە» وەڵامم بدەیەوە، ئەگەر گەلێ شتی وای تیا بوو حەز نەکەیت بڵاوبکرێتەوە کە ڕاز و نهێنی خۆتە، تکام وایە بەمنی ڕابپەرمووی و بڕواییم پێ بکەیت کە تەنها بۆ یادگار و مێژوو لام بێت.

ئەمە وا، وە حەز ئەکەم ئەم شتانەشم بۆ بنێری:

١- وەختێک چەند دێرێکم لەسەر چیرۆکی «ڤینی لێم بوو» نووسیبوو بۆم ناردبووی ئەگەر لات مابێ تکایە بۆم بنووسیتەوە.

٢- ئەم چیرۆکەی کە لایەک یان دیمەنێکی ژیانتی لەناوا جێ بۆتەوە، ئەگەر بەردەستت بێ بۆم بنێرە.

٣- حەز ئەکەم چیرۆکی «پیاو» بۆ هیوا بنێریت بۆ بڵاوکردنەوە.

ئیتر برا گیان هەر چەندە ئەگەر ئەم شتانە ئەزیەت و ئەرک بن، بەڵام ئەمە شتێکی تایبەتییە و بۆ منە تکام وایە درێغی نەکەیت.

ئیتر چاوەڕوانی هیمەتتانم، وەهیوادارم صحەتت یارتان بێت.

برای دڵسۆزتان: عەبدولرەزاق محەمەد

٩٦١/٣/٢٧

***

بعقوبە ١٩٦٤/٨/١٤

*مامۆستای خۆشەویست*

پاش هەواڵ پرسینێکی گەرم داوای تەندروستی و شادیتان ئەکەم وا هەفتەیەکە گەڕاومەتەوە سەر ئیش بەڵام بۆ بعقوبە گوێزرامەوە هەر چۆنێک بێت ئێرە شوێنێکی خۆشە و هەر چەند شارێکی بچووکە بەڵام شەقامەکانی پاک و بە باخ و دارە، بەتایبەتی دار پورتەقاڵ و لیمۆ وە ئێوارە وەختیشی زۆر خۆشە و هەوای فێنکە و چایخانەی زۆر و دڵگیری هەیە و لەژێر سێبەری دار پورتەقاڵدا بەچریکەی بلبلان و دیمەنی خۆش هەستم ئەبووژێتەوە.

ئێستا لە ئوتێل دابەزیوم، چاکترین ئوتێلی شارە و شەوی بە دوو پەنجاییە، سەوزەوات و میوە هەرزانە، وا خەریکم خانوویەک بگرم، ئەگەر خانووم ببێ ئەوسا ئەتوانم دەعوەتێکتان بۆ بکەم.

ماموستا گیان، وا بەپەلە ئەم نامەیەم بۆ نووسین، لەسەر ئارەزووی خۆتان کە بێگومان شاد ئەبن بەهەواڵی گەڕانەوەم بۆ ئیش و ڕزگاربوون لە خەمی نەبوونی و وێڵی.

ئیتر شادیتان

دڵسۆز: عەبدولرەزاق محەمەد بیمار

***

## نامەکانی عەبدوڵلا پەشێو

*چاوەکەم کاکە محەمەد*

تا خەیاڵ بڕکا بیرت دەکەم

تامەزرۆی ڕۆژێکم بگەڕێمەوە، گوێم لە تۆ بێ کە تەشقەڵە بە پیربباڵ مەحمود دەکەیت، ئەرێ بەڕاست، پیاو چۆن دڵی لە قسەکانی پیرباڵ مەحمود دەگوشرێ؟!

ئێستا درەنگی شەوە، نیو سەعاتێک دەبێ لە کاک جەمشید حەیدەری و کاک مومتاز حەیدەری و دکتۆر عزەدین دابڕاوم، ئەمشەو هەموومان مێوانی کاک ئەنوەر عەبدولقادر «دڵسۆز» بووین، ڕەنگە بیناسیت.

ئەمڕۆ نامەیەکی سامی شۆڕشم بۆ هات، ئەگەر باوکی ببینیت بەڵکو هەواڵ ساغیی پێ ڕاگەیەنیت.

نازانم جگە لەو نامەی لە بەرلینەوە بۆم ناردیت، هینەکەی وارشۆشت پێ گەیشت یا نا؟

دەربارەی داوەت کردنت، قسەم لەگەڵ دکتۆر زارێ و ماموستا کوردۆیف کردووە، زۆریان پێ خۆشە و گوتیان هەوڵ دەدەین، وەرە کاکە... لێرە ژنێکی ڕوسی ناسکی چاوشین و قژ زەردت لێ مارە دەکەین، ئەو کچە ئەوروپاییانە بە شاعیران دەشیعرێنن، بە چیرۆکنووسانیش دەچیرۆکێنن.

لەو چەند مانگی دواییدا، زۆرم نووسیوە، بەڵام نەخۆشیەک تووشم بووە، ئەویش ئەوەیە، زۆربەی شیعرەکانم بە نیوەچڵی بەجێ دێڵم، جار هەیە سەرێکی جوان لە دایک دەبێ بەڵام بێ قاچ، جاریش هەیە هەر چوار پەل بە ناسکی دێتە دەرێ بەڵام بێ سەر. واش ڕێک دەکەوێ سەریش هەیە و چوار پەلیش بەڵام خێل و خوار! ئەوانەی بەساغی





لە دایک دەبن، هەموویان تەسکەرەی ژیانیان نادرێتێ. زۆربەی هەرە زۆریان لە ژوورە خەگینەکەما چینە دەکەن و فرکەفرکی باڵیان دێ و ئێواران دەورەم دەدەن «ڕێی وڵاتمان پێ نیشان دە... بەرەڵلامان کە».

کۆمەڵە چیرۆکەکەی پاشکۆی ڕۆژی کوردستانم خوێندەوە، دڵم لە ترسنۆکی هەندەکان ڕاچڵەکی، ئازایەتی هەندێکیش «ئەگەر هەبێ» ڕۆژی لە مۆسکۆ هەڵێنا، نووسینەکەی تۆم پێ ناخۆش بوو، تکا دەکەم وەکو چیرۆکنووسی «چیرۆکەکانی مەم» بمێنیەوە، تۆ شوێنی تایبەتی خۆت هەیە لەسەر نەخشەی چیرۆکی کوردی، ئەو وڕێنانە یەکێکی تر بیکردایە بۆی بەپێشکەوتن دەنووسرا، بەڵام «مەم» بیکا دواکەوتنە، کە ئەو شتانە دەڵێم، بێگومان خۆم لە قەرەی تەکنیکی چیرۆک نادەم، بەڵکو گریانم بۆ فیکرەکەیە، مەسەلەی دۆئێلی پۆشکین و دانتێس، حاجی قادر و شێخ نەبی زۆر ڕوونە، زۆر سادەیە، هەر کەسێک باسی ئەو دۆئێلە بکا، دەبێ ئاوا بە سادەیی دەنگ بۆ سەرکەوتنی پۆشکین و حاجی قادر بدات بەسەر دانتێس و شێخ نەبی دا.

ئەگەر لێرە مەجال بکرێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی شتی کوردی، دەمێکە خەیاڵم کەوتۆتە سەر وەرگێڕانی هەندێ لە چیرۆکەکانی تۆ، بەهاوکاری لەگەڵ نووسەرێکی سۆڤیەتدا، چیرۆکەکانت شایانی ئەوەن بەهەموو زمانێک بخوێندرێنەوە.

کاکە: سڵاو لە دایکی مناڵان دەکەم، مناڵان ماچ دەکەم، زۆر هەواڵی کاک هونەر دەپرسم، هیوادارم وەزعی لە هەموو ڕوێکەوە باش بێ.

ڕۆژی ٧٦/١٢/٢٢ مۆنیکا دێ، دڵم لێدەدا، تاسەی دەکەم بەقەد وڵات، بەقەد مناڵانی گەڕەکی سێتاقان، زۆر بەداخەوە هەواڵی مردنی کسۆم بیست، بڕوا بکە دەمێک خۆم خواردەوە.

تا ئێستا لە مۆسکۆ لە زۆر موناسەبە شیعرم بە کوردی و ڕوسی خوێندۆتەوە، چەند سیمینارێکم لەسەر مەسەلەی کورد کردووە بۆ قوتابیانی بێگانە.

«وانەکانی مناڵان» لای بیرفراوانەکانی خۆمان بیرتەسکی بوو، کەچی لێرە بەنموونەی ئەدەبی ئینتەرناسیۆنالیستی حسێب دەکرێ، لەو دواییەدا شاعیر و وەرگێڕی بەناوبانگی سۆڤیەت «گەنکیرنکە» شیعرەکانی بە «تەرجومەی حەرفی» دیتم و هەموویانی بە شیعر هەڵگێڕایەوە، تائێستا بەهۆی «پەیوەندییە ڕەسمیەکانەوە» ناتوانن بڵاویان بکەنەوە! بەڵام چەند شاعیرێکی ناسیاو هەوڵێکی بەردەوام دەدەن و بڕوایان وایە کەسێک پێ توورە نابێ، ئەو بەزمە نەک بەنیسبەت نووسینی من بەڵکو

بەنیسبەت شتی کوردی هەیە، هەر چی بێ و هی هەر کێ بێ.

سڵاوم بۆ برادەران، کاک سەعدوڵلا پەرۆش دەپرسم ئەگەر لای ئێوە ئیش دەکات، هەروا هەواڵی کاک جەوهەر کرمانج پرسیار دەکەم.

تێبینی: جارێ بێ پاسپۆرتم بۆ چوونە دەرەوە.

برات: عەولا

مۆسکۆ ٢١/١٢/٩٧٦

***

*چاوەکەم کاکە حەمە مەولود:*

وا دە ڕۆژێک دەبێ لەو ناوە گیرسامەوە، چەند ڕۆژێ لە شاری پۆتسدام بووم، پاشان بەرلین، دیسان پۆتسدام، ئێستاش شاری خنجیلانەی نویبراندنبرگ. ئەمساڵ دایکی مۆنیکای هاوڕێم داوەتنامەی بۆ ناردمە مۆسکۆ، تا ٨/١٣ لێرەم و پاشانیش دەچمە چیکوسلوڤاکیا، بلامانێ لەوێش هێلانەم هەیە.

دوێنێ سەرەتای بابەتێکی زانستیم نووسی دەربارەی زمانی کوردی و بەکارهێنانی وشە و تێرمین (مصطلحات)ی بێگانە، دەمێکە ئایدیای ئەو نووسینە وەکو پشکۆیەک لە مێشکما دەجریوێنێ و ئازارم دەدا.

لە خوێندنەوە بەردەوامم، شیعر دەنووسم، زۆربەیان بەنیوەچڵی و ناوک نەبڕاوی بەجێ دێڵم، لە ئاووهەوای وڵات و خوێنەر دابڕان کارەساتە، کارەساتێکی گەورە، کە جاران نەمدەزانی ئەوەی لێی نابمەوە ڕۆژژمێرەکەمە، ڕۆژژمێر کردنەوەش خۆی لە خۆیدا ئەدەبێکە ئەگەر بێ ئەدەبانە بنووسرێتەوە. دار جگەرەیەکم بە جەلیلی جەلیل بۆ ناردی، بەدەستت گەیشت؟

١٩٧٧/٧/١١ لە وارشۆ چاوم بە تەحسین تەهای دەنگبێژ کەوت، قەڵا و منارەم دی، چاوم بەئێوە ڕوون بۆوە.

نازانم بۆچی سەفەرێکی دەرەوە ناکەیت؟ خۆ لە وڵاتە سۆشیالیستەکان هەرزانییە، ئەگەر نیازێکی وا لە دڵتا گەرای دانا پێشتر کاغەزم بۆ بنووسە بەڵکو منیش بێمە ئەوێ و چەند ڕۆژێ پێکەوە بین.

ئەوە چەند جارێکە دێمە ئەڵمانیا، قەت هەوڵم نەداوە فێرە ئەڵمانی بم و قسەی پێ بکەم، کەچی ئێستا لەگەڵ دایک و باوکی مۆنیکا خەریکی فڵتەفڵتم، ئەوانە نە





ئینگلیزی دەزانن نە ڕوسی، چارم ناچارە، زمانەکە لە ڕوی لیکسیک «مفردات»ەوە لە ئینگلیزییەوە نزیکە بەڵام فۆنیتیکەکەی ئەوەندە ئاسادەیە چەندی دەکەم بەگوێم ئاشنا نابێ.

لێرە ماوەی ئیش کردنم کەمە، بەحەزرەتی تەنیاییم، دەمەوێ شیعرە نیوەچڵەکانم پاکنووس کەم، کۆیان کەمەوە، ئەوانەی دەستی ڕۆژێکی وەک ئەمرۆ دەدەن بۆ کاک حەمەی مەلاکەریمیان بنێرم بەڵکو دەرفەتێکیان بۆ بدۆزێتەوە.

جارێکیان لە بەرلینی ڕۆژئاواوە سامی شۆڕش نامەیەکی بۆ نووسیم، تیایا سەرسوڕمانی خۆی نیشان دابوو کە شێتێکی بۆینباخ لەملی قات لەبەری بەسەر پاسکیلەوە دیوە، نووسیبووی ئەو ئەوروپایە شێتیشی لە هی ئێمە ڕێکوپێک و بەختیارترە، کەچی من ئەمڕۆ لەوەشم سەیرتر دی:

لەگەڵ هاوڕێکەم و برای براژنی «کچێکی ڕوسە» چووینە گەڕان، لە گۆلێکی نزیک شارا سواری بەلەم بووین، سروشت دەتگوت لاسای وڵاتی ئێمە دەکاتەوە ئاوا خۆی دەخەملاند، لە هاتنەوەدا، قەیرەکچێکی جوانی ڕەبەنم دی لەبەر دەرگای دێر ڕاوەستابوو، بەهاوڕێکەم وت ئەرێ خێرە ئەو بەدبەختە خۆی لەو ژیانە تەروبڕە بێ بەش دەکا؟ ویستی وەڵامم بداتەوە، کەچی لەپڕ کچەکەم دی پەلی پاسکیلەکی گرت و هاتە سەر شەقام و پێی بەپەیدانەوە نا، باشوکە ئاسا تێی تەقاند! ئای عاجباتی، ئای قەباحەت، کوڕە خۆ ئەوانە ڕەبەنیشیان وەک ڕەبەنی ئێمە نین.

بچمە هەر قوژبنێکی ئەو دنیایە پان و بەرینە، لە باتی ئێوە، لە باتی شاخ و داخەکان کۆمەڵە حەیرانێکی ڕەسول گەردی و چەند لاوکێکی کاوێس ئاغا و «ئەوەل سەحەرە»ی سێوەم لەگەڵدایە.

ئێستا ئێوارەیە، حەشامات لە مەتبەق نان حازر دەکەن منیش ئەم نامەیە دەنووسم و لە هەمان کاتیشا ڕەسول گەردی دەچڕێ «دانی ئێواران ئەوەتانی دەرێم لە پیرە هەولێرێ... لەسەر جۆگەی شێخەڵڵای» ، نازانم بۆچی تا لە وڵات بووم ئەوەندە هۆگری لاوک و حەیران و فۆلکلۆر نەبووم؟.

کاکە:

وەک دەبینیت لە جیاتی نامە یاداشتت بۆ دەنووسم، ئەرێ تۆ چۆن دەژیت؟ لەگەڵ پیربال مەحموود لە چیدای؟ ئێستاش هەر دەئەدەبێنێت؟

یان ئەدەبی ئەدەبەکەی خۆی لە بنڕا بڕیوە؟ نامە نووسین وەکو هێلکە کردن وایە، ڕەوا

نییە داوا لە مریشک بکرێت «بهێلکێنێ» بۆیە وەڵامم دەدەیتەوە خێر عەلاخێر، ئەگەر نا خۆت و شێخی شاعیران گوتی «باللە پەکم ناکەوێ».

برام: موجامەلەی ناو نامە نییە ئەگەر بڵێم بیرت دەکەم، نازانم بۆچی لە «چیرۆکاندن» چوویتەوە؟ من ئەو حەللەق و مەللەقی دوای «چیرۆکەکان»ت بەبەرهەمی شەرعی تۆ نازانم، تۆ ئەوەیت کە لە چیرۆکەکانتای، ئەوەی کە کۆمەڵە شاکارێکت بەئەدەبەکەمان بەخشیوە، ئەگەر بێ کەس نەبێن تۆ هیچت کەمتر نییە لەو نووسەرانەی ناویان دنیای گرتۆتەوە.

سلاوم بۆ هەمووان

دڵسۆزتان: عەولا پەشێو

١٩٧٧/٧/٢٣ شاری نویبراندنبرگ

براگیان: ئەمرۆ ٩٧٧/٧/٢٨ کەچی هێشتا ئەو نامەیەم نەخستۆتە پۆستە. تا بەدەردی دەیان نامەی تر نەچووە هەر ئەمرۆ حەواڵەی پۆستەخانەی دەکەم.

ئەوا دوو سێ رۆژە لەبەردام فۆتۆکۆپی دەسنووسێکی دیوانی سالم بکەم بۆ حەمەی مەلا کەریم، کەچی زۆر بەزەحمەت کەوتووە، لە بەرلینی رۆژهەلات دەڵێن لە بەرلینی



گوندی مجێسەر ١٩٥٠ لەبەردەم ڕەشماڵی مەحموود بەگ





ڕۆژئاوایە، لەوێش تەلەفۆنم بۆ کاک جەمال کردووە دەڵێ لە ڕۆژهەلاتە، تا ڤیزەکەم ٧/ ١٣ لێرە تەواو نەبێ ڕێگام نادەن بپەڕمەوە ئەوبەر.

بۆ ئەوەی خۆم بگەمە ئەنجامێک، وا دیارە شتێکی زۆر بەنرخە، ئەمرۆ خەریکی کۆکردنەوەی ئەو مەترلیانە بووم کە لە یەریڤان کۆم کردنەوە دەربارەی پەیوەندی شاعیری هەرەگەورەی ئەرمەنی ئیساکیان و کورد، نازانم شتی وا دەرفەتی بڵاوبوونەوەی هەیە یا ئەمەشیان هەر بۆ ڕۆژنامەی «بۆ ڕۆژی خۆی»یە!!.

وەختی خۆی گەڵێ شتم دایە جەمیلی برام بۆ ئەو ڕۆژنامەیە کەچی لە ڕێگادا هەموو جوانەمەرگ بوون، من خۆش... تۆ خۆش ڕۆژنامەی هەردەم مەوجودی «بۆ ڕۆژی خۆی» خۆش!

توخوا ئەگەر سۆراخی کاک «حەمە کەریم هەورامی»م بۆ نەکەیت؟ نازانم لە کوێیە تا نامەی بۆ بنووسم، ئێستاش هەر لە دهۆکە یا..!

ئەگەر خوا کردی و دەستت دایە قەڵەم نامەم هەر بەئەدرێسی مۆسکۆ بۆ بنووسە، لە کۆتایی مانگی ئابا هەر لە مۆسکۆ دەبم.

ئیتر هەر بژی..

٩٧٧/٧/٢٨

شاری پۆتسدام

***

## نامەکانی حوسێن عارف

بەغا- بارەگای یەکێتی

٩٧١/٦/٨

*دڵسۆزم کاک محەمەد*

هەموو کاتێکت شاد و بەختیاریت ئەخوازم.

چاوەکەم: بیستم گلەییت لێ کردبووم لەسەر ئەو قسانەی سەبارەت بەتۆ و بە سەرجەم چیرۆکنووسەکانی ترمان کردبووم لە لێدوانێکدا کە لە کۆڕێکی کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی کورد دوام. بەڕاستی پێم ناخۆش بوو ئەم گلەییە لە تۆ ببیستم. جا حەز ئەکەم سەرنج بدەیتە ئەم چەند تێبینییەم تا هەق بچێتەوە جێی خۆی و تۆش دڵم لێ

کرمێ نەکەیت.

یەکەم: من لەو کۆڕەدا لە چیرۆکمان دوام لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠ . واتە ئەوانەی بەرهەمیان کەوتە بەر لێکۆڵینەوەکەم، ئەو چیرۆکنووسانە بوون کە لەو ساڵانەدا وەک چیرۆکنووس ناوبانگیان دەرکردبوو، وەئەو وەختە و تا ئێستاش زۆر بەخۆیان و بەهرە و توانای خۆیانیان ئەنازی، لەوانە «محرم، مستەفا و جمال بابان و عەبدوللا میدیا» بوون، واتە دەستەی تەوژمەکەی ساڵانی ٩٥٣-٩٥٦، بەڵام من و تۆ و چەندانێکی تری وەک تۆم وا دانا کە ناوبانگتان بەر ساڵانی ٩٦٠-٩٧٠ ئەکەوێت، لەبەرئەوە کەمتر ئێوەم مەبەست بوو لە لێکۆڵینەوەکەدا.

دووەم: بەڵام لەبەرئەوەی تۆ و ئەوانەی وەکو تۆ، سەرەتای ناوبانگتان بەر ساڵانی دوایی پەنجاکان دەکەوێت، لە هەندێک جارا باسم ئەهێنایە سەر ئێوەش، وەسەبارەت بەتۆ من چوار چیرۆکی پێش ساڵی (٩٦٠)ی تۆم لەبەر دەستا بوو «قینی لێم بوو، پەنجا فلس، کە دایکم بەرۆژوو بوو، ئەوەی داپیرەکەش کە لەم ساتەدا ناوەکەیم لە یاد نییە» جا ئەگەر بە هەڵە نەچووبم و وەک لەم ساتەدا لە یادم بێت ئەم چوارەت لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠دا بڵاوکردۆتەوە، سا پەنجا فلسەکەتم گەلێ تەقدیر کرد و هەقی خۆیم دایە. وە سەر و پۆتەڵاکی سیانەکەی ترم کوتایەوە، بەتایبەتی ڕیپۆرتاجەکەی کە بۆ دەسدرێژی کردنە سێ قۆڵییەکەی ساڵی ٥٦ت نووسی بوو بۆ سەر میسر، دوای ئەو قینی لێم بوو، لام وایە خۆشت لەوە بەئاگایت کە چۆن من بەچای شیرینەکەی ئەو ماوەیەم ناسراوم، تۆش بە پەنجا فلسەکەی ئەو ماوەیەت ناسراویت.

سێ هەم: بەهەرحاڵ ڕای من وایە کە تۆ و کاوس قەفتان بە چیرۆکنووسی بەناوبانگ و سەرکەوتووی ساڵانی ٩٦٠-٩٧٠ دائەنێم، ئەمە لە کاتێکدا کە نەوەکانی ٩٥٠-٩٦٠ زۆر ئاشکرایە کە داویانەتە دواوە و ئەگەر وەها بڕۆن حسابیان نامێنێ، لەبەرئەوە من بەپێی پرۆگرامی ئەو لێکۆڵینەوەیەم کە ئەگەر بۆم بکرێت بیبەمە سەر تۆ و کاوس و چەندانێکی ترم داناوە بۆ ئەو ماوەیە واتە ٩٦٠-٩٧٠، ئەوەشی کە ئێستا تۆ و کاوس بێن و تاریخی ساڵانی ٩٥٠-٩٦٠ بدەن لەو چیرۆکانەی ئێستا بڵاوی ئەکەنەوە، لای من هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. چونکە مادام ئێوە لە ژیانان حساب بۆ کاتی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانتان ئەکرێت.

چوارەم: دیارە بیستووشتە کە ڕەخنەکانم سەبارەت بە بەرهەمی ئەو ماوەیە توندوتیژبوون، بەڵام دڵنیات ئەکەم کە ئەو توندوتیژیە لەوەوە هاتووە کە هەقم وتووە و نەمویستووە بەهارات بکەم بەلێکۆڵینەوەکەمەوە. ئەمە جگە لەوەی ئاواتی بازد پێدانی





هونەری چیرۆکنووسینمان هۆیەکی تر بووە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگەیە بگرمەبەر.

جا دیارە کە گوناهباریشت کردبووم بە (غرور)، ئەبێت هەر ئەنجامی ئەمە بووبێت و لەمەوە وەها تێگەیشتبیت کە ئەبێت من گەلێک لە خۆم بایی ببم.

براکەم: دڵنیات ئەکەم کە ئەگەر دەربارەی خۆشم بدوامایە وەک چیرۆکنووسێک لەو چیرۆکنووسانەی ترم (کە ئەم ڕێبازەم بەعەیب زانی) چۆن دەربارەی ئەوان دوام وەهاش لە خۆم ئەدوام، با ئاشکرا بێت لەلات کە من ئێستا سەرجەم بەرهەمی ساڵانی ڕابووردووم بەهاوتای ئەو بەرهەمانەی چیرۆکنووسەکانی تر ئەزانم کە ڕەخنەی توندوتیژم لێ گرتن.

بەڵام تەنها یەک جیاوازی ئەکەوێتە نێوانەوە ئەویش ئەوەیە کە من تەقەلا ئەدەم تەکان بدەم بۆ پێشەوە. بەڵام ئەوانی تر نایدەن، یاخود لە باریانا نییە، بەڕای من تۆ خۆشت یەکێکی لەوانەی وێڵی دوای ئەو تەکاندانەیت.

ئیتر هیوادارم دڵم لێ کرمێ نەکەیت. بەڵام ئەشپرسم: کوایت و بۆ هەر لەژێر لێوەوە ئەدوێیت (لە ڕووی تەقەڵای تەکاندانەکەوە).

تێبینی:

بۆ مەسەلەی گرەوەکە ئێمە هەر زوو ناوی تۆمان لە لیژنەکەدا لابرد و من خرامە جێگەی تۆ.

برات: حسین عارف

***

بەغدا- بارەگای یەکێتی ٧٣/١/٢١

*دڵسۆزم کاک محەمەد*

ئەم کاتەت شاد

کاکە: حەزم ئەکرد بەدوورودرێژی ئەم نامەیەت بۆ بنووسم. بەڵام پەلە بوو.

برا: لە ٨ -٩٧٣/٢/٩دا لێرە کۆڕێکی فراوان بۆ ئەدەبی لاوان پێک ئەهێنن، وەک ئاگاداریت ئەمە هەر پێشنیازەکەی لەمەوبەرە کە باسمان کرد.

گەلێکم بەلاوە مەبەستە کە تۆ تیایا بەشدار بیت، هیوادارم ئەمە فەرامۆش نەکەی، هەروەکو تکام وایە کە تۆ لەلای خۆتەوە برادەرانی تری بۆ هان بدەیت. من دڵم بەو کۆڕە خۆشە. لە کۆڕەکەدا «من و شێرکۆ و کاکە مەم و محمود زامدار و ڕەفیق صابر و ئەنوەر

شاكەلی و ئەنوەر جاف» هەریەكە لێكۆڵینەوەیەك پێشكەش ئەكەین و قسەیان لێ ئەكرێ.

ئێمە باش خۆمان بۆ ئامادەكردووە، ئەیلێمەوە: تكایە فەرامۆشی مەكە، تۆ و پەشێو و برادەرانی تر هاتنتان پێویستە.

سوپاس.

كاك جەلال دەباغ سلاوی هەیە.

حسین عارف

## نامەكانی مەحمود زامدار

*خۆشەویستی هەموو لایەكمان مامۆستا مەم*

سلاو و شانازی و خۆشەویستی و دڵنەوازیم.

هیوادارین خۆشترین كاتی ژیانم بۆتان، بۆ تۆ و بۆ سۆران و بۆ خزم و كەسی سۆران.

لە قووڵاییەوە پیرۆزبایی گەڕانەوەی خەمگینی گۆڤاری بێ نازەكەی هەولێرت پێشكەش ئەكەم... هیوادارین دەستی مەردانەت لێ بخەیتە كار و هەناسە ساردمان نەكەیت.

مامۆستا گیان: لەم ڕۆژانە بەیەكجاری لە سلكی تەربیەدا نامێنم و نەقلی خەدەماتم كردووە بۆ وەزارەتی ئیعلام لەبەر گەلێ هۆی ورد ورد!!.

قوربان: بەكورتی و لەبەر نەبوونی وەخت و لەبەر سەرفیرازی و شادمانیم بەدەرچوونی «شەونامە»ی پەشێو... ئەبێ لەم چەند دێرە شڕوشپرییەم ببووری و بۆ نامەیەكی قووڵتر و شیرینتر.

هەر بژین

براتان: م. زامدار

***





*مامۆستای بەنرخمان باوكی سۆران «مەم»ی بەڕێز*

بەقەد كارەسات و ژان و هەژانی دڵ و دەروونی پاڵەوانی چیرۆكە سەركەشەكانت سلاوی پڕ لە كارەسات و پەژارە و سەیرە لە كۆیەت بۆ هەڵەگرم، ئاواتەخوازی تەندروستی باش و بەردەوامی سەرزەنشت و ڕەخنە و بزەخەنەی برناردشۆیانەت بۆ ئەخوازم بەم كەربازارییە و بەم قاوقەوانێیە!!. قوربان: ئەڵێن بەم دواییە فێری ڕانكۆچوغە لەبەركردن بوویت، باوەڕ بكە هەر چەندە خەڵكەكە زۆر بەساكاری باسی ئەكەن و... بەڵام ئەوەندەی من كە پەیوەندی ڕوحیم بەخۆت و چیرۆكەكانتەوە هەیە، هەر خۆم ئەزانم چەندەها تەفسیری بۆ ئەدۆزمەوە، خۆ هەر هیچ نەبێ بەشی ئەوە ئەكات ببێ بەكەرەستەیەكی ئامادەی چیرۆكێكی «مەم»انە.

خاڵۆی ڕێبوار: منیش وەكو تۆ ڕێبوارم... منیش...!! بەڵام نازانم بۆ وا یەكجار بێ دەنگ و ڕەنگ و سەنگی! بۆ وا بەیەكجاری بووی بەهەناری مێخۆش و كلاوی سەخرەجینت لەسەر ناوە!! ئای چەند حەزم ئەكرد بەتایبەتی لەم دەورودوكانە بڵحەدا ناز و فیزێكت بنواندایە و هەر هیچ نەبا جارناجار بەكورتە چیرۆكێك مێشكەسەری هەزارانت بهێنایەتە ژان و بەوردە دینامێتەكانت گوێچكەی بوون و گەردوونت بخستایەتە هەژان! كەچی چش، مەم و زینی لێ ونە جا ئەبێ چ كارەساتێك لەلای مەمی چیرۆكنووسا خولقابێ، كێ ئەزانێ ئەمە چ ڕازێكی شاردراوەی ناو خوێن و شانە و هیمۆگلۆبینی خوای شەماشە دنحە و قوچكەیە.

مامۆستا گیان: هەر چەند ئەبوایە ئەم چەند دێرە بەم چەند دێرە دوایی نەهێنم و هەر هیچ نەبێ بیكەم بە دوو نامەی جیاواز، بەڵام ئەبێ چ ڕووكار و شەرم و شكۆفە و پەردەیێك لەنێوان تۆ و زامدارێكی وەك منا مابێ تا ئەم كەینوبەینە و ئەم دوو فاقییە بسازێنم، بۆیە یەكسەر دێمە سەر مەبەستەكەم و ئەڵێم:

لەم دواییە بیستوومە زەویەكانی ئەحمەد چەلەبی -شارەوانی ئێوە دەستی بەسەر چواریەكی گرتووە و ئەیەوێ دابەشی كات بەسەر خەڵكوخوای ناو شار، جا بۆ ئەوەش منیش وەك هەولێرییەك كە یەك بستە زەوی نییە و ئەیەوێ بناغەیەك بۆ دوا ڕۆژی دابنێ، زۆر حەزم لێیە - ئەگەر خوا دای!! ببم بەخاوەنی پارچەیەك لەو زەوییانەی كە بەمناڵی چاوم تێدا كردۆتەوە، وەلەسەر ئەوەیش كە هیچ معلوماتێكم دەربارەی ئەم بگرەوبەردەیە نییە، ئای چەند بەربات ئەبووم ئەگەر پوختەی ڕۆتین و معلوماتی دەرباری ئەم مەوز و غەم بۆ ڕون بكەیتەوە، تا بەڕاست و چەپ و بەهەموو سەرگەرمییەكەوە بكەومە دوای و شتێك لەم خێروبێرە -خوانەیبرێ- بكڕێنم!!

مامۆستای بەنرخ: ئەگەر لوا تا سەری ئەم مانگە سەر و سۆراغێکم بۆ بکەی و معلوماتەکانم بۆ ڕەوانە بکەیت زۆر زۆر قەرزارت ئەبم!!

تکابارم لەم داخوازییەم دڵگیر نەبیت و خەبەرێکم هەر بۆ بنێری!!

لەگەڵ سوپاس و شانازیم.

م. زامدار

***

هەولێر ١٩٧١/٣/١٤

*برای بەرێز*

گشت کاتتان باش و هیوادارم لە خۆشی دابن و هەمیشە بەرەو بەرزیەتی لە پەیژەی ژیان هەنگاو بهاوێن.

کاکی دلێر: هەر وەکو ئاگادارن منیش چاوەنوارِ بووم بۆ ژمارەی تازە لە گۆڤاری هەولێر نووسینەکانم بلاوبکەنەوە کەچی بلاوتان نەکردبۆوە، بەپێی ئەو بیروڕایانەی خۆتان هەڵگری بوون، وەلەبەرئەوەی کە نووسینی «ئافرەت و خوێندەواری» زۆر ئەگونجا بۆ هەڵوێستی ئەو ڕۆژەمانا سەرزەنشتێکی تەواوتان ئەکەم لەلادانی و بلاونەکردنەوەی. وەسەبارەت بەو پارچە هەڵبەستە هەروەکو بیستم گوتووتانە لە هەڵبەستی مامۆستایەک ئەچێ؟؟ یاخو بەناوێکی کەسێکی نادیارە بەلای منەوە پوخت و جوان و ڕێکە لەگەڵ



جەمال بابان و مەم





واقع ڕۆژانی ڕابوردوو یا کەوابێ هەر هەڵبەستێ لەسەر کێش و قافیەی شاعیری یا شێوازیەکیان لەیەک بکا ناوێکی لێ بنێن دەبێ ناوی هەموو نووسەرێک بەجۆرێکی تر بناسێن بۆیە من بەڕاستی نازانم جگە لەوەی کە بڕوا ناکەم بەهەڵبەستێک کەسێک هەڵدرابێتەوە خۆ ئەگەر وابێ کارێکی ناپەسەند نییە لێرەش دا ئەبوا گفتوگۆیەک لەگەڵ من بکەن لەو بابەتە... بەهەر حاڵ وا دیارە ماوەی نووسین هەر بۆ برێ کەسانە بەلام من پێنووسەکەم بەهی هەمووان ئەزانم و سوپاسی ئێوەش ئەکەم لە ماندووبوونتان، تکایە ئەگەر بتوانی هەردوو نووسینەکەم بۆ دووبارە بکەیەوە و ئامادەش نیم بۆ جارێکی تر نووسین..

سلاوی بەرێزانە بۆ ماڵەوەتان، چاوی منالان ماچ ئەکەم.

هەمیشە خوشکت: سامیە

١٩٧١/٣/١٤

***

## نامەی صبری نجیب

٩٧١/١٠/٢٠

*برای بەنرخم کاکە محەمەد ئەفەندی پێشکێشە*

ڕۆژباش

بەتایبەتی دەستەکانت ئەگوشم لێتان ئەپرسم، ئومێد ئەکەم صحتتان چاک بێت، ئەگەر ئێوەش لە براتان بپرسن شکر لە مەرحەمەتی خوای گەورە ئێمەش زۆر زۆر چاکین، گیانە نامە شیرینەکەتم ماوەیەک پێش ئێستا وەرمگرت بەڕاستی بەخوێندنەوەی دێرەکانی دوایی متأخر بووم بەمناسبەت کۆچکردنی دایکە بەرەحم و شەفەقەتەکەتان چونکە ئەم دایکە بۆ ئێوە هەر دایک نەبوو بەڵکو لە باوکیش عەزیزتر بوو، جا لەبەرئەمە کەوا منیش خۆم بەبرایەکی ئێوە ئەزانم تەنها سەرەخۆشی هەر لە ئێوە ناکەم بەڵکو لە خۆم زیاتر ئەکەم وە هەرچەند نامەکەم تأخیر بوو ئەبێ لە کەموکورتی لێم ببورن، ئێوە خۆش بن، خوا غەریقی ڕەحمەتی بێت، ئینشاءالله بێ شک جێگای بەهەشتە، بەخواتان ئەسپێرم ڕوحی شیرینم.

براتان

صبری نجیب – مدیر مالی چۆمان



١

[illegible]







٢

[illegible]

## ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

تکا لە نووسرانی بەڕێز دەکەین:

*بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیان لە دەزگای ئاراس تکایە ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە:*

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kust

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wise. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار** – yar

• **سەرنج ١**: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢**: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی



(**ئاواییەکەمان...**) (**کۆتاییەکەی...**) (**وەستاییەکی...**) (**کۆتایی بە کارەکە هێنا** )

دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم**: پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم**: نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج**: ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەرێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیڤسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک – لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان



بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١– ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢– ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەنەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

گلالە ٩٧٢/٢/٢٢

بۆ برای بەڕێز کاکە محەمەد ئەفندی پێشکێشە

ڕۆژباش

بەتایبەتی دەستەکانتان ئەگوشم لە خوا ئەپاڕێمەوە هەر لە شادی دابن ئەگەر لە براتان بپرسن لە سایەی خوای گەورە زۆر زۆر چاکین چاکیتان لە یەزدانی پاک داوائەکەم دوو ڕۆژ لە مەوپێش بۆ ماڵەوە چوومە ڕەواندز هەر کە گەیشتمە ناو منداڵەکانم دایکیان بروسکەیەکی ئێوەی بۆ هێنام کە لە بابەت کوچ کردنی مام حاجی شێخ سلیمان لە لاتانەوە لێ درابوو بەڕاستی ممنونتان کردین سوپاس بۆ هەستی بەڕێزتان ئێوە و منداڵەکانتان خۆش بن خوا غەریقی ڕەحمەتی بێت داخەکەم بەدرەنگیەوە وەرم گرت ئەبێت لێم ببوورن چونکە لە ئانی گەیشتن من گەرابوومەوە گەلاڵە لەبەر ئەمە وەرامی ماوەیەک مایەوە ئینجا وا بەم نامەیە ئەم چەند کلیمەیەم پێشکەشتان کرد ئەبێ لێم قبول بفرمون ئێمە لەگەڵ ئێوە هەر براین وەخومان بەعائلەیەک ئەژمێرین دایکی منداڵەکانم بەگەرمیەوە لێتان ئەپرسێت چاوی منداڵەکانت ماچ ئەکات منداڵکانیشم هەموویان دەستی پیرۆزتان ماچ ئەکەن ئیتر هەر خۆش بن بەخواتان ئەسپێرین بژین بە شادومانی گیانەکەم.

براتان: صبری نجیب



نافیع ئاکرەیی لە دەستی ڕاست – مەم دووەمین لە چەپەوە





## نامەی عزالدین فیضی

*بۆ/ بەڕێز کاک محەمەد مەولود (مەم)*

ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد

تکایە لە کاتژمێری ٤ی پاش نیوەڕۆی ١٩٧١/١١/٣٠دا بفەرموون بۆ هۆڵی بارەگای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ لێدوان لە هەندێ کاروباری گرنگی یەکێتی نووسەران و ڕا دەربڕین بەرامبەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی کۆڕەکانمان لە تەلەفزیۆندا و گوێگرتن لە باسێکی ئەدەبی بەناونیشانی فۆلکلۆری کوردی. هاتنتان زۆر پێویستە.

سەرۆکی یەکێتی: عزالدین فیضی

***

## نامەی مەجید ئاسنگەر

١٩٧٠/٧/٦

*مەم ڕۆژتان باش*

پاش دەستگوشین و هەواڵ پرسین

ئەوا ئەم نیمچە وتارەم بۆ «هەولێر»ی خۆشەویست نارد، تکایە لە کەموکوڕی و خەت ناخۆشی ببوورن چونکە لە کاتێکی ماندوویيم نوسیوە و یەکەم جارە بەم «پاندانە» تازەیەم ئەنووسم.

سلاو بۆ کاک مەجید ئەندازیار و هەموو برادەرە ئەدیبەکان.

هەواڵی منداڵەکانتان ئەپرسین، کاک عەونی سلاوی هەیە، لە بارەی یادی حاجی قادر چاوەڕوانی هەوڵ و هیمەتتانین.

ئیتر خۆشیت

برای دڵسۆزتان: ئاسنگەر

کۆیە

***

## نامەی محەمەد ڕەشید فەتاح

*ئەم كاتەت شاد*

پێشەكی سڵاوێكی گەرمی دڵسۆزانەت ئاڕاستە ئەكەم و هیوادارم هەموو كاتێكی ژیانت بەخۆشی و كامەرانی بەریتە سەر.

برای خۆشەویست:

ماوەی سێ مانگە چیرۆكێكم بۆ جەنابتان نارد لەژێر ناوی «گەڕیدە لە هەڵپەی نان»دا بۆ گۆڤاری خۆشەویستی هەولێر -بەڵام وەک جەنابتان لە مۆتمردا پێتان ڕاگەیاندم كە گەیشتووە و لەوانەشە بلاو بكرێتەوە بەڵام وەک دەرئەكەوێ وا دیار نەبوو. جا ئەگەر بلاو ناكرێتەوە زۆر مەمنون ئەبم گەر زەحمەت نەبێ بۆم بنێریتەوە چونكە نوسخەم لا نییە. ئەگەرچی جەنابیشتان لە دەستەی نووسەران نەماون بەڵام ئەبێ ئەو ئیشەم بۆ بكەی. جێی ڕێز و سوپاسە.

ئیتر خۆشیت

برات: محەمەد ڕەشید فەتاح

سلێمانی ٩/٢٥

مامۆستای قوتابخانەی زێوەری كوڕان

***

## نامەی عەبدوڵڵا حەیاكی

*برای گەورە و بەڕێزم كاک محەمەد مەولود پێشكەشە*

وێڕای سڵاو و حورمەتی برایانە لەش ساغی و بەردەوامیتان بۆ خزمەتی زیاتر بەگەل و نیشتمان ئاواتەخوازم. لە وەزعی من پرسیار بفەرمووی سوپاس بۆ خوا زۆر باشم.

كاكی بەڕێز: وەک دەزانی ئەوە بۆتە پازدە ڕۆژ كە كتێبەكەم لە جەنابت وەرگرتووە، زۆر بەداخەوە لەبەر پڕ كاری تا ئێستا تەنیا جارێک دەرفەتم بووە و نیزیكەی هەشت نۆ لاپەڕەم لێ خوێندۆتەوە، وابزانم لەمەولا وەختم كەمتریش دەبێ، جا لەترسی ئەوەی لەپاش دوو مانگ كتێبەكە هەر بەنەخوێندراوەیی بنێرمەوە وام بەباش زانی كە هەر ئێستا بینێرمەوە بەشكو مشوری تری بۆ بخۆی.

بۆ ئەوەی سەبارەت بەو چەند لاپەڕە ڕای خۆم دەربڕیبێ دەبێ عەرزت بكەم بەڕەئیی





من ئەسڵی قەواعدە علمییەكەی و نموونەكانی بەشێوەی عام زۆر باش داڕژراوە، بەڵام وەک بۆ خۆشتان سەرنجتان داوە لە بەكارهێنانی ئیصطلاحە علمییەكاندا لە زۆر جێگا شتی تازە و بەڕەئیی خۆی هێناوە، من پێم وایە هەر ئیصطلاحە عەرەبییەكان بەكاربینی باشترە چونكو لەلایەكەوە بۆ خەڵک مەفهوم تر دەبێ لەلایەكی تریشەوە تەنیا یەک كەس هەقی دانانی ئیصطلاحاتی علمی نییە و لەوەش خۆی دەپارێزێ.

ئەمجا بێجگە لە ئیصطلاحە علمییەكان لە زۆر جێگا وشەی كوردی وای هێناوە كە قەت بۆ ئەو مانایەی ئەو بەكاری هێناوە دەست نادا، بۆ وێنە لە لاپەڕەی یەكەمی پێشەكی كتێبەكەدا نووسیویەتی «ئیتر ئاسۆی بیر و لێكدانەوە زیاتر بلاوبۆوە و چەشەی وێژەبیم گەشكەی سەند» لێرەدا وشەی گەشكەی لە جیاتی گەشە وابزانم بەكارهێناوە، لە كاتێكدا گەشكە خۆی نەخۆشییەكە و هێندێک جار بەمەجاز بۆ خۆشحاڵی زۆریش بەكار دەبرێ وەک دەڵێن لە خۆشیان گەشكەی كرد، ئیتر قەت مانای گەشە و تطور نادات.

لە هەمووی گرینگتر تحلیلێک لەسەر وێژە ئەكات و دەنووسێ «دوو ڕۆژژمێر وێژە نییە، دەنگوباسی ڕۆژنامە وێژە نییە، ئەو تەلگرافە خێراییەی لە كەم وشەیەک پێک دێت و بۆ كەسێک لێ ئەدرێ وێژە نییە» لاپەڕەی ٣، ئەو جۆرە پەرتووكانەی باسمان كرد وەكو كیمیا، لوغاریتم، جەبر، ئەندازە، ئەگەر پوختەی بیرەكەیان وەربگیرێت و بەڕێكوپێكی لە پەرتووكێكی نوێدا ڕاستەقینە و تیوریەكانیان بنووسرێنەوە ئەتوانین هەر بەتەواوی دەست لە پەرتووكی یەكەم بەربدەین. «واتا نووسراوەكە ئەمرێ. لاپەڕەی ٤».

من بەش بەحاڵی خۆم ئەم تحلیلە بەشێوەی گشتی بەڕاست نازانم و پێم وایە دەنگوباسی ڕۆژنامە یا كتێبی جەبر و ئەندازە یا كتێبی مێژوو ئەگەر لە دەنگوباسەكە و مێژووەكەدا شتی ناڕاستیش هەبێ یا لە جەبر و ئەندازەكەدا تیوری علمیش هەبێ ماتول پایەیەكی ئەدەبیان هەبێ بەوێژە حیساب دەكرێن و هەتا سەریش دەمێننەوە و نامرن بەڵام دیارە ئەگەر پایەی ئەدەبییان نەبوو ئەوە تحلیلەكەی كاک عەزیز عەبدوڵڵا ڕاستە، تكا دەكەم جەنابیشت ئەو جێگایانە بخوێنییەوە و ئەگەر نەزەرەكەی منت پێ ڕاست بوو ئەو برادەرە ئاگادار بكەی.

ئیتر زۆر سڵاوم هەیە بۆ براژنم و چاوی مندالەكان ماچ دەكەم.

برای بچووكتان: عەبدوڵڵا حەیاكی

٧١/١/١٤

## نامەی نورەدین بەهائەدین

بەغدا ١٣/١٢/ ١٩٧٠

*کاک محەمەد مولودی بەڕێز*

لەپاش سەڵاوێکی زۆر هیوادارم لە چاکی و خۆشیدا بیت.

ژمارەی ٢ و ٣ سالّی یەک حزیران و تموز ١٩٧٠ لە گۆڤاری هەولێر کە جەنابی عزەت بەگ کوڕی سولەیمان بەگ لە هاتنە بەغدایدا بۆی هێنابووم زۆر بەئیشتیاقەوە خوێندمەوە، بەڕاستی گۆڤارێکی پڕ سوودە. لەم گۆڤارەدا دوو وتار نظری دقتی جلب کردم، یەکێکی چیرۆکی ژمارە «پەیمانی میری سۆران» کە لەلایەن خۆتەوە نووسراوەتەوە ئەویتریان مێژووی ژیانی بوێژی نەناسراو نەزهەتە.

یەکەمیان بەڕاستی چیرۆکێکی بەرز و پڕ مانایە کەمێک وەفاکاری دەرئەخا بەرامبەر بەو میری گەورەیەی سۆران و لاپەڕەیەکی مێژووی ئەم گەلە بەدبەختە لە خەڵکی ئەگەینێت، کە ئەمەش باعیسی تەقدیر و شکرانە بۆ تۆ. هیوادارم کەوا بەنووکی قەلەمی هونەرمەندانەت گەلێ لاپەڕەی ئاوها بڵاو بکەیتەوە و خەڵکی بەم ڕێگەیەوە لە مێژووی خۆی ئاگەدار بکەیت و لەم ڕێیەشەوە ئەدەبیاتی زمانەکەمان بڕازینیتەوە و دەوڵەمەندی بکەیت.

لە باسی نەزهەتدا هەندێ کەموکورتیم دی ویستم ڕاستی بکەمەوە، ئەویش ئەمەیە:

نەزهەت کە ناوی سولەیمان بەگ کوڕی مەجید بەگە لە بەگزادەکانی باپشتیانە و هەروەکو نووسیوتانە کوڕەزای ڕەسول پاشای برای محەمەد پاشا نییە، ڕەسول پاشا کوڕی مستەفا بەگ کوڕی ئۆغز بەگ تەنها پێنج کوڕی هەبووە ئەوانیش ئەمانەن: ١- ئەسعەد بەگ ٢- فەتاح بەگ ٣- ڕەشید بەگ ٤- بەهرام بەگ ٥- ئیحسان بەگ، هەر چوار کوڕەکەی پێشووی لە بووک ڕابیە کە خوشکی حاجی مستەفا ئاغای ڕەواندزییە کە باوکی لعلی خان دایکی ئیسماعیل بەگی سەعید بەگی عەبدوڵلا پاشایە. بەلا کوڕی پێنجەمی کە ئیحسان بەگە لە ژنێکی ئێزدیە کە لە ئەرزەروم لە بنەماڵەی جەننەت زادەکانە لەوێ. لەم پێنج کوڕە زیاتر چە کوڕی ئیتری نەبووە کە ناوی مەجید بەگ بێت. کوڕەکانی ڕەسول پاشاش چە کوڕیان نەبووە ناوی مەجید بەگ بێت. زیرا ئەسعەد بەگی ڕەسول پاشا تەنیا کوڕێکی هەبوو. ناوی عەبدوڵلا مخلص بەگ بوو کەوا باوکی یەحیا بەگە کە ئەمیش بلا ولد پێشی دوو ساڵ وەفاتی کردووە. فەتاح بەگ دوو





کوڕی هەبووە یەکەمیان خورشید بەگە کە باپیرەمە دووەمیان تۆفیق بەگە کە بلا ولد مردووە، ڕەشید بەگ دوو کوڕی هەبووە، یەکێکیان دکتۆر عەبدوڵلا ئەدیب بەگە کە تەنیا کوڕێکی هەبووە ناوی ڕکن الدین بەگە و لە ئەستەموولە، ئەویتریان عثمان بەگە تەنیا کوڕێکی هەیە ناوی زەکی بەگە هەر لە تورکیایە. لەبەرئەوەی کە ڕەشید بەگ لە وەقتی خۆیدا لە خزمەت باوکیا چوەتە ئەرزەڕوم و لەوێ ماوەتەوە، ئەما کەوتوونەتە ئەوێ. بەهرام بەگ کوڕی ڕسول پاشا بە گەنجی و لە پێش ژن هێناندا مردووە و کەس لێ نەکەوتۆتەوە.

ئیحسان بەگ کە هەر لە ئەرزەڕوم لە دایک بووە تەنیا کچێکی هەیە لە ئەستەموولە و ناوی نوین خانمە و چە کوڕی نەبووە.

کەواتە سولەیمان بەگ کوڕی مەجید بەگ کوڕەزای ڕەسول پاشا نییە بەلا لە بەگزادەکانی باپشتیانە کە ئەچنەوە سەر ئوغز بەگی باوکی مستەفا بەگی باوکی میر محەمەدی سۆران و ڕەسول پاشا و لەگەڵ سەعید بەگی عەبدوللا پاشای کوڕی بەکر بەگ کوڕی بایز بەگ کوڕی مستەفا بەگ کوڕی ئوغز بەگ یێک تیرەیەکن لە بنەماڵەی سۆران خزمایەتیان لەگەڵ ئەمان نیزیکترە نەک لەگەڵ ڕەسول پاشا و میر محەمەدی سۆران.

بەلا هۆی چوونی سولەیمان بەگ بۆ نەهری هەروەکو بیستوومە ئەمەیە کە محەمەد بەگی برای عەبدوللا پاشا کچێکی داوەتە شێخ محەمەد صدیقی شەمدینی کەوا دایکی شێخ مصلحی کوڕی شێخ محەمەد صدیقە، بەهۆی ئەم خزمایەتیەوە چووەتە نەهرییان بەجۆرێکی ڕاستتر لەلایەن محەمەد بەگەوە نێرراوەتە نەهری و لەوێ ماوەتەوە، وەکو لە گۆڤاردا نووسراوەتەوە ئەوە نییە کە لەگەڵ سەعید بەگدا لەسەر مولک و أراضی بەینیان تێکچووە چونکە سەعید بەگ مرۆڤێکی ئەوتۆ نەبووە کە کەس بتوانێ پەنجەبازی و منافەسەی لەگەڵدا بکات.

مقالێک بۆ ئەم ڕەووشتەی سەعید بەگ ئەوەیە کە ئاغاکانی پیرەسنی لەتاو بەگزادەکانی برادوست کە خالوانی سەعید بەگن پەنای بردۆتە لای شیخ محەمەد صدیقی شمدینی و داوای ئەوەیان لێ کردوە کە دەستیان بەسەردا بکێشێت لە بەگزادەکان بیانپارێزێت. ئەویش پیاوێکی خۆی ڕەوانەی ناو پیرەسن ئەکات بۆ زەکات کۆکردنەوە کە ناوی وەکو بێتە بیرم با خواجە ئەفەندی یا عەمەر ئەفەندیە وە هەتا سالانی ٤٢-٤٣ لە ناوچەی برادۆست مابوو و خۆم دیبووم کە سەعید بەگ بەمە دەزانی پیاوی خۆی ناردبووە سەر پیرەسنی وە ئەو وەکیلەی شێخ محەمەد صدیق و

دەریان کردبوو هەتا کردبوویانە ئەودیو رووباری هاجی بەگەوە کە سنووری ئێستا و کۆنی منطقەی رواندز و هەکارییە ئیتر جارێکی دی شێخ محەمەد صدیق نەیتوانیبوو پیاوی بنێرینە ناو پیرەسن. ئەو مورانەی موختارانی پیرەسنی کە تسلیمی شێخ محەمەد صدیقیان کردبوو هەتا ئەو ساڵانەش هەر لەلای گولیزار خانمی ژنی سید طاها ئەفەندی مابوو وەبەهۆی ئەو مورانەوە ادعای مولکایەتی گوندانی پیرەسنی دەکرد. خۆت کە کاتبی ناحیە بوویت لە سیدەکان لە ساڵانی ٩٤٣ - ٤٤ و ٤٥ ڕەنگە ئەم ماجرایەت ل پیاوە پیرەکانی سیدەکان بیستبیت و ئەگەر نەختێ بیری لێ بکەیتەوە ڕەنگە بێتەوە بیرت. ئیتر سەعید بگێکی ئەوتۆ کە لە هەموو منطقەی رواندزدا مجالی نفوذی بۆ کەس نەهێشتبوو هەتتا بۆ باوکی، سولەیمان بەگی بێچارە چۆن توانیویەتی بەرەنگاری ئەو بوەستی و پەنجەبازی لەگەڵدا بکات؟

ئەم شتانەی کە لە سەرەوە نووسیم لەبەر ئەوە نییە کە سولەیمان بەگی مەجید بەگ مرۆڤێکی کەم قەدرە. بالعکس ئەو ذاتە لایق و شایستەی تەقدیر و ئیحترامە چونکە هیچ نەبی بەشیعرە ڕەنگینەکانی خزمەتی ئەدەبیاتی میللەتی خۆی کردووە. لەمە مقصدم ئەوەیە کە حەقیقەتێک دەرخەم ئەویش ئەمەیە کە ئەصل و نەسەبی شاعیرێکی کورد لە مێژووی ئێستاماندا ون نەبێت.

تکام وایە ئەگەر ویستتان ئەمە بلاو بکەنەوە لە گۆڤاری هەولێردا ناوی صریحم نەنووسرێت و تەنیا بەم دوو حرفە ئیشارەتی پێ بدرێت: ن. ب

ئیتر هەربژی بە شادی بۆ

برات: نورالدین بها ءالدین

***

## نامەیەکی هاوبەش

*برای خۆشەویستمان کاکە محەمەد*

لە ناخەوە داوای لەش ساغیتان بۆ ئەکەین...

چۆنی چاکی؟.. درەنگ زانیمان کەوتیتە بەر کێردی زانست... ئەگینا ئەدەمان فریا ئەخستی... هەر چۆنێک بێ ئەمانە هەمووی -لا مەعقوولە- کەیە و بەڵام ئیتر ئەوەتا لە تەرەفی ترەوە نکوولی لێ ئەکرێ و چش ئەدرێ بەدەم و چاویا... پێمان خۆش بوو ئەمجارەش (مردن) ئیجازەیەکی تری دایتێ... بەڵام دیارە ئەزانیت کەسمان بڕوامان





بەئیجازەکانی ئەو نییە ئەو «ئەوە»ی کێ لەبەردەمیا بەچۆکا نایەت...

پێمان خۆش بوو هاتیتەوە هۆش خۆ... دوای بەنج...

-بەنجی لەش- ئێمە ڕقمان لەو کەسانە ئەبێتەوە کە بەنجی تر کراون... هەموومان... سامی شۆڕش... صلاح شوان... برادەرانی تر و لە زمان ئەوانیشەوە.. دووبارەی ئەکەینەوە.. کە زۆرمان پێ خۆش بوو ڕزگارتان بوو... بەتایبەتی لە دوای ئەوەی نەخۆشیی لەگەڵ لەشتانا لەم دواییەدا کەوتبووە دڵداری کردنێکی پیس.

دیسانەوە خۆشیتان و لەش ساغیتان

سامی شۆڕش    حسێن عارف    شێرکۆ بێکەس    طاهر صالح سەعید

٩٧٢/٩/٢٨

***

## نامەی ئەحمەد کاکەجان

*برای کوردپەروەر کاک محەمەد مەولود*

ڕۆژتان باش، بمبووره دەبێ بنووسم شەوتان باش، برام هەر چەند لە پڕ تووشم بەهێندێ کارەوە بوو بەڵام ترسام لە چاپدانەوەی پەرتووکەکەتان بخەمە دواوە جا بۆیە وازم لە کارەکانی خۆم هێنا هاتم بۆ لاتان نە ئێوە و نە برامان کاک محەمەد لە ماڵ نەبوون درست ٢-٣/٤ دانیشتم.

لە چیرۆکەکان تەنیا توانیم ٣ی هەوەلییەکەی ئاخر نامەی بەندیخانە بخوێنمەوە، بەچیرۆکەکانی یەک و دوو و ئاخری پەرتووک زۆرم لاپەسند بوون دیارە هۆی زۆرە لێرە ناگونجێ بەڵام چیرۆکی «بۆ سەر شانۆ»م زۆر لاپەسند نەبوو من بۆ خۆم حەزم لێ کرد و زۆرباش لەگەڵ نووسەر چووم بۆ ناو دەروون و ڕەوانی مامۆستای چیرۆکنووسی سەر شانۆ. وێنەیان هەرچەند لە کوردەواری ئێمەدا کەم نییە بەڵام ئەم چیرۆکە بۆ ئیمرۆی کوردەواری زۆر بەر «هضم»و پەسند نییە، بۆوەش دیسان هۆم هەیە بەڵام ئەوانەم وا بەسەر پێوە بۆ نووسی.

تا دیدار و چاوپێکەوتن بەخەو و خەونێکی خۆشت دەسپێرم.

براتان: ئەحمەد کاکە جان

٩٧٠/٣/١٦

## نامەی جەمال خەزنەدار

*برای ئەدیبی خۆشەویستم کاکی «مەم» پێشکەشە*

رۆژباشێکی گەرم و گوڕت لێ بێ...

نامەکەی خۆم و کاکم گەیشت لەگەڵ وەکالەتەکەتان. خاو و خێزان هەموویان سلاویان هەیە، لەسەریانەوە دکتۆری کاکم، زۆر سوپاست ئەکەین بەدڵ تەنگیتان و بیرکردنەوەتان لە تەندروستی سرووش، شکر ئێستا باشترە.

کاکی مەم، مژدەی چاپکردنی چیرۆکەکانت پێ ڕائەگەیێنم هەتا ئێستا دوو مەلزەمەی لێ چاپ کراوە، ئومێد زۆرە کە بەم زووانە کۆتایی پێی بێت و لە چنگ خاوەنی چاپخانەکان نەجاتمان بێت.

دووبارە مژدەی خستنە ژێرچاپی دەفتەری کوردەواریشت پێ ڕائەگەیینم، بەڵام لەوانەیە ئەم مژدەیە بۆ ئێوە نەختێک دڵتەنگی تیابێت لەبەر ڕێگەنەدانی ڕەقیب بۆ بلاوکردنەوەی بیرە ساکارەکانی ئێوە کە بەشێوەی نامە بۆ کاکمتان نووسیبوو.

کاکی مەم ئەمە دڵتەنگی پێ ناڵێن، بەڵکو ئەمە بەڵگەیێکی ترە بۆ ئەوەی ئێمە هەرگیز نابین و ناشتوانن بمانکەن بەئەسپی گالیسکە شڕەکەیان، بەڵکو گالیسکە پەککەوتووەکەیان، ئنجا ئەم لە بابەت کابرای خاوەن چاپخانە و وەرگرتنی وەصل پێویست ناکا، ئێمە شارەزای ئەوین و لەوانە نییە ساختە بکا.

یەکێتی ئەدیبانی کورد، ئەوا خەریکە میری ڕێگای بدا و بەم زووانە داوا ئەکرێ بۆ کۆنگرەی یەکەم، خۆت ئامادە بکە، زۆر چاکتان کرد برووسکەی لایەنگریتان لە هەولێرەوە ڕەوانە کرد.

تکایە شتێکی جوان ئامادە بکەن بۆ بەرگی دووی دەفتەری کوردواری.

ئیتر سلاوی بێ پایانمان.

برات: جەمال خەزنەدار

١٩٦٩/١٢/١

***





## نامەی مامڵێ

*خاڵۆی بەڕێزم*

دوێنێ بیستم عەمەلیات کراویت، دیارە یان ئازارت زۆر بووە یان زۆر زۆر بێزار بوویت یان شتی کتوپڕی ڕوویداوە لە نەخۆشیەکەت چونکە بڕیار بوو بێیتە بەغدا بۆ عەمەلیات.

زۆرم حەز ئەکرد وەختی عەمەلیات لەلات بام یەکەم دڵم ئاسوودە ئەبوو دووهەم ئەمزانی کە ئەدیب چۆن ئەناڵێنێ مەعلومە کە ئەو کاتە ناڵەناڵی نالی نییە هەمووی هەر شیعری حوڕە (هەی بابە هۆی بابە..).

بیستم مام هەژاریش هاتووە بۆ لات بێگومان هەروەک لەسەر ڕووباری ڕاین گریا لەسەر قەڵەوێرەکەی تووش هەر ئەبێ گریابێ. وەبیشی شێلابی بەڵام نەکە وەک هێمنی شێلاوە، هێمنی بابردوڵەی چیرۆکە کۆن.

مامۆی خۆشەویست:

هیوام وایە ئەمجارە لە دەست ئەم نەخۆشییە پڕ ئازار و نالەبارە نەجاتت بووبێت وە دکتورە دەستخۆشە چاوساغەکانی هەولێر بۆیان زیندەبەچاڵ کردبی وەک حاجی ئاغای هەژار کە ئەڵێ:

رۆژێ دەبێ... بەزیر و گوپاڵ

سەری حاجی ئاغا بکا زیندەبەچاڵ

ئەبێ خاڵۆی خۆم بمبووریت کە نەهاتم بۆ لات بەڕاستی من و دوژمن خەجاڵەت بین بەڵام وەڵلا ئەترسام وەکو سەر بەزوپکی شەقلاوەم لێ بەسەر بێت کە لە خاڵۆی ڕێبواردا نوسراوە «بقياس مع الفارق».

خەریک بوو هەڵبەستێکت پێشکەش بکەم دەستم پێ کرد، هەولێر مەمت نەخۆشە مەمی کوردان مەمی چیرۆک مەمی مەمی مەمی.. لە دوایدا سەیرم کرد نە ئەو زینە لایق بەتۆیە نەمنیش ئەتوانم وەکو خانی بیکەم بە بەزم و هەرا ئەو مەم و زینەی من باپیری هەژاریش نەی ئەتوانی تەرجومەی بکات بۆیە بڕیارم دا خۆت بۆ خۆت بەناوی منەوە بنووسی و بلاویشی بکەیتەوە تا جیهان هەمووی بزانن کورد بەشیر موشیری لێی نابڕێن و کوردستان نەزۆک نییە.

برای ئازیزم

پەنا بەخوا یەک جاری چاک ئەبیتەوە و سەر سووک و دڵ ڕەحەت قەلەق و مەلەق بار ئەکا و ڕەچتە و مەچتە هەمووی ئەسووتێن ئەوجار خۆت ئامادە بکە بۆ دەعوەتی ماسی و زەلاطە لەسەر ئاوا نەواس، هەژاریش دێت خەیامیات و هەژاریاتمان بۆ دەخوێنێتەوە.

تۆش چیرۆکەکانی پۆلیس و عەلیشیشمان بۆ بڵێ و منیش لە دەوری میخەدا زەلاطە و چپس و باجلە و لەب لەبیتان پێشکەش ئەکەم.

ئەترسم سەرت بێشێ با جارێ ئەوەندە بەس بێت ئیتر بەخوات ئەسپێرم.

ئینشا ءالله بەم نزیکانە لە بەغدا قوتیە چوکولایاتێکت بۆ ئەکرم لە جیاتی دیاری خەستەخانە.

خوا ئاگای لێت بێ و جارێکی تر تووشی هیچ جۆرە نە ساغی نەبی و نەبین.

دڵسۆزتان: مامڵێ

٧٢/٩/٢٥

***

## نامەی کاردۆ گەڵاڵی

*بۆ مامۆستا محەمەد مەولود مەم بەڕێز*

دوای سڵاو هیوام سەرکەوتنتە و نازانم بۆچی لە ئاهەنگ و میهرەجانەکەی ئێمە نەهاتبوون... ڕەخنەم هەیە...

سڵاو بۆ کاک عەبدوڵلا.

مامۆستا هەڵگری نووسراو برادەرێکی ئێمەیە باوکی لە شارەوانیتان مستخدمە و عریضەی داوە بۆ ئەوەی خانووی بەرکەوێ لە ئیسکان، جا ئەگەر ڕێی تێ دەچێ جەنابتان هیمەتێکمان بۆ بکەیت.

ئیتر سوپاس

دڵسۆزی بچووکت: کاردۆ

٢/٢٠

***





## نامەی کاکەی فەللاح

*بۆ مامۆستای بەڕێز کاک مەم پێشکەشە*

ڕۆژباش:

بەگەرمی هەواڵت ئەپرسم.

بەڕاستی لە ناخی دڵەوە پەستی دایگرتم کە هەواڵی نەخۆشییەکەتم لە نووسراوەکەت وەرگرت، بەڵام بوو بەژێر شەپۆلی هیوای سەلامەتی و چاکبوونەوەی یەکجاریتەوە.

برا گیان –مەراقی کارگەرەکە مەخۆ چونکە هەر سەلامەتی تۆم مەبەستە و هیچی تر، برایانی دڵسۆزی وەک ئێوە خۆش بن ئەرک و کاروباری ڕۆژنامەی (ژین) و چاپخانەکە پەکی ناکەوێت.

ببەخشە کە تا گەیشتنی کاغەزەکەت هەواڵی نەخۆشییەکەتم نەزانیبوو.

هیوای چاک بوونەوە و تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم.

دڵسۆزت: کاکەی فەللاح

٩٧٢/٩/١٨

***

## نامەی حاجی

*ملاحظە: بەهۆی هەڵگری نامەدا لەساغ و سەلامەتی خۆتان ئاگادارم بفەرموون.*

*برای زۆر بەنرخ جەنابی کاک محمد*

پێشکەشە

دوای ئیحترام.

بەهیوای خۆشی و کامەرانیتان انشاءالله صحەتتان باشە وە لە کامەرانیدان. سوپاس بۆ خوا ئێمەش باشین. بەهۆی ئەوضاعی ناملائیم کە لەم ماوەیەدا هاتە پێش ئێمەش جارێ وا ماوینەوە. هیوادارم جەو صاف ببێ ئێمەش بگەڕێیەوە بۆ لای خۆمان.

ئایا جەنابتان لەم ماوەیەدا چوون بەرەو خوار یا خێر؟ ئەگەر چوون ئایا ئەو ڕەفیقەی خۆت و مام هەژارت دیوە؟ وە ئەگەریش تەشریفتان چوو بەرەو خوار ئەو ڕەفیقەت

دووبارە بیبینە.

وە باشتر ئامۆژگاری بکە بەهەڵە نەچیت بەوەعد و وەعیدی ناحەزی نالەبار وە بەقسەی ئەم و ئەو خۆ تێوە نەگلێنی ناحەزی نالەبار باکی نییە هەزاران کەس بکات بەقۆچی قوربانی لە ڕێگەی مەصالحی خۆی. وەکو ئەڵێن تەجروبەکراو تەجربەکردن دووبارە نەدامەتە. ئێمەش جەنابتان بەدۆستی حەقیقی خۆمان ئەزانین. بڕوامان لەسەر مەردایەتیتان هەیە. هەروەها لە هەموو کەس ئەتوانم بڵێم باشتر هەلاجی ئەوضاعی خاص وە عام ئەتوانی بکەیت. لەبەر ئەوە لوطفەن هەر کات ڕێگەت کەوتە خوارەوە ئەو ڕەفیقەتان ببینەوە وە بەدرێژی لەگەڵی دانیشە کە زیاتر موقەییەد بێت وە عاتیفە تەئثیری تێ نەکات یان قسەی ئەم و ئەو کە بیێتە باعیثی تێوە گلان.

من کە ئەمە ئەڵێم شتێکم زانیوە کە لە مەرکەزی شاری جەنابت مەعلوماتێک دراوە بەبارەگای عام لەبارەی ئەو برادەرەتەوە. کە گۆیا ئەو ڕەفیقەت نیشاطی تازەی هەیە دژی بەرژەوەندی گشتی. ئینجا بەڕەئی من خۆی دوور بگرێت لەم قیلوقالە زیاتر قازانجی تێدایە وە بەعەکسەوە دەردی سەرێکی بێ نەتیجەیە. وە ئەگەریش مەیلی نیشاطی هەبێ لەگەڵ مەصالحی عامی خۆیایەتی هەر چۆنێک بێ باشتر و خۆشترە نیشاطی هەبێ وەعاقیبەت هەر سەرکەوتن بۆ خۆیایەتی. قەت ڕەش سپی نابێ وە سپی ڕەش نابێ. وە ئەگەر بۆیاغیشی بکەیت نەتیجە هەر دێتەوە سەر ئەسڵی ڕەنگی پێشوو، ئیتر بەدەردی کوردە ئەڵێ: (کمان دەڵێن بۆ زۆران)، (قسە هەزارە دووی بەکارە) زۆر بەپەلە نووسیومە تکایە لە غەڵەتم ببوورە ئەگەریش ئینشائی یا ئیملائی غەڵەتی تێدابێ نامەکە.

٩٧١/١٠/١٦

برات: حاجی

***





## دیاری بۆ مەم

ئەم کاتەت باش کاکە مەم
پڕ بەدڵ و پڕ بەدەم
سلاوی جوانت لێ ئەکەم
وا هاتووم و حەز دەکەم
سوودم هەبێ بۆ بەرهەم
سەرنجی جەوهەرم کەی
ئامادەمە تۆ بڵێ کەی؟
بەڵکو یارمەتیم بدەی
بەکار بێخم خامەکەم
سوودی گشت ڕەچاو دەکەم
هیوایەتم نووسینە
درایەتم ڕەنگینە
فەرامۆشم کردینە
وەکو کانیێکی ناوچەم
بەهەست جۆڵانە ئەکەم



محەمەد مەولوود – مەم

ئەحمەد کاوێس پێی وتم
کە من هەموو سەروەتم
بەفیرۆ ئەڕوا خەتم
بچم بۆ لای کاکە مەم
دیاریم بۆ لای ئەو ببەم
هەرچەندە ناکۆک بوو ژینم
من شالوری خۆش خوینم
لەخۆڕا شعر دەردینم
بیرم نازینگێ بەغەم
زمانم ناوەستێ لە دەم

شالور ٢٥/٩/٩٧١



مەم لە نێوان هونەرمەندانی شارەکەیدا





**لە -مەم-ەوە بۆ:**

* مامۆستا شێخ ڕەزا گوڵانی.
* دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆژی نوێ.
* یەکیەتی نووسەرانی کورد.
* بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیراسەی کوردی.
* جمعية الفنون والآداب الكردية.
* الامانة العامة لادارة الثقافة والشباب.

هەولێر
٢-٣/٨/١٩٧٠

*بۆ: گەورە و بەڕێز مامۆستا شێخ ڕەزا گوڵانی*

«بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر»

چۆنن... تکامە لە خۆشی و کامەرانیدا بژین...

کە یەکەم وشەی ئەم نامەیەم نووسی کات ١٢,١٠ پاش نیوەشەو بوو: دە شەو پترە بەربەرەکانی لەگەڵ دڵ و دەروونم ئەکەم، بۆ ئەوەی ساتێک خەو بچێتە چاوم و بهەسێمەوە... و شۆڕشی بیر و پەشێوی گیانم دامرکێنم!! کەچی سوودی نەبوو، ناچار هەر ئەبێ ئەم چەند دێڕەت بۆ بنووسم!؟

ئەزانم تۆ کێی... و چۆن لە هەولێر و لەسەر ئەم کورسیەت جێگیر بووی، بێگومان ئەوە شتێکی نهێنی نییە، کورسیەکەش ئەگەر بۆ تۆ بچووک و کەم نەبێت، گەورەتر و پتریش نییە و، لام وایە کورسیەکە بەتۆوە گەورە بووە، نەک تۆ بەکورسیەکە، گەورە بووی... ئەمە بڕوایی تایبەتی خۆمە.

ئینجا ڕەنگە بپرسیت: هۆی چی بێت کە دە شەوە ناخەوم، وە سەبارەت بە چییە شۆڕشی دەروونم، شەپۆڵی داوەتەوە و ڕام ئەماڵێت بۆ ئەم هەڵوێستە و نووسینی ئەم چەند دێڕە؟!... هەر وا جێی خۆیەتی ئەگەر بشپرسی:

- ئەم کابرایە کێیە خۆی دەکاری من هەڵئەقورتێنی و دەم درێژی ئەکات و خۆی لە دەریاییێک ئەدات کە ئەنجامی مەلەکردن لە ناویا مسۆگەر نییە؟!... هەقە وا پرسیار بکەی، یا بیری وا بکەیتەوە، بەڵام... جارێ گوێ بگرە پێت بڵێم بۆچی دە (١٠) شەوە چۆنیەتیم وایە وەکو لە سەرەوە باسم کرد؟!.

ڕۆژی هەینی ٢٤/تموز/ ٩٧٠ لە شەقامە گەورەکەی شار ڕائەبوردم، چاوم بەدیمەنێکی سەیر کەوت!! دوو تومـوبیلی پیکاپی پۆلیس لە جادەکە لەسەرخۆ ئەجولانەوە... کابراییێک لەسەری سەرەوەی قەمارەی تومـوبیلێک سندم کرابوو سەری تاشابوو، ماست بەسەر و گوێلاک و ڕوو، گەردەن و سنگی بڵاو ببوەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە منداڵە وردکە، بە... هۆی ها... هۆی ها... دەورەی ئوتومبیلەکەیان دابوو، کابرای سەرتاشراو و ماست بەسەرداکراویش ملی کەچ و چاوی شۆڕکردبوون، جارجار، لەژێرەوە... بریسکەی چاوی کوسکی، پڕ تووڕەیی و قین و ڕکی... وەک تیر ئەهاوێشتنە دەوروبەری. عالەمەکەی جادەش، ئەوەی پیاو بوو، هەر سەیری دیمەنەکەی ئەکرد و، پاشگەز ئەبووەوە؟!... وە بەگورجی، بەهێزێکی سیحریی سەیر، چاویان لە دیمەنەکە ئەگوازتەوە و ملیان شۆڕ ئەکرد و بەپەلە ڕێگایان ئەگرتە بەر، هەندێکیشیان هەر بەڕاکردن، لە زەماوەندەکە!! دوور ئەکەوتنەوە؟!...

لە یەکێکم پرسی... ئەمە چییە؟... چە قەوماوە؟!

کابرا... بە تاڵی و بەپێکەنینێکی ساختە پێی گوتم: ئەمە دزە سزای خۆی وەرئەگریت؟! دزە و سزا ئەدرێت؟ خەریک بووم بەکابرا بڕوا نەکەم... وە لە مەسەلەکە هەمووی بکەومە گومان، بەڵام یەکسەر خەیاڵ بردمییەوە، دەوری منداڵیم، دیمەنێکی وەکو ئەم دیمەنەم هاتەوە خەیاڵ... کاتی خۆی کە منداڵ بووم... باوکم بۆی گێڕابوومەوە... وە، ساڵان، لەبیرتان بردبوومەوە... هەڵوێستی ڕۆژەکەی ٢٤/٧ هێنایەوە... یادم!

کە منداڵ بووم، باوکم بۆی گێڕامەوە... گوتی: لە سەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیە، کە (میرانی قادر بەگ) حاکمی شەقڵاوەبوو، کابراییێک هەبوو ناوی «مستۆ» بوو... شەوێک ماڵێک دزرا و لەسەر «مستۆ» ساغ بووەوە!... میر، مستۆی هێنا و سەری تراشی وە ڕووی بە(تەنی) ڕەش کرد کرد و کۆتکە ماستێکی بەسەردا کرد و لەناو گوندی شەقڵاوە، بەهەموو کۆڵانە و گەڕەکەکان دا گێڕای... بۆ... «عیبرەت».

ئیتر مستۆ لەو ڕۆژەوە... کەس لەناو خەڵکیی نەئەدیت، و ڕقێکی گەورەی لە کۆمەڵ پەیداکرد، پاش ئەو ڕووداوەش، دزی زۆر ئەکرا و بگرە خەڵکیش ئەکوژرا!... بەڵام ئایا مستۆ کە هەر کەس، لەناو ئینسانان چاوی پێی نەئەکەوت... ئاگای لەو دزی و کوشتنانەش هەبوو کە پاش سزادانەکەی ئەو ڕوویان ئەدا؟!... ئەمە تا ئێستاش ئاشکرا نەبووە!!.

«مام مستۆ» من دیبووم، تەنها خۆی لە بچووکان، لە منداڵان نەئەشاردەوە، ئەگەر بیرم بەهەڵەم نەبات، پاش تەمەنێکی درێژ، لە سەرەتای نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە،





سەری نایەوە... خوا لێی خۆش بێت... کوڕێکی بەجێهێشت لە هیچ خراپەییێک لای نادا، تەنانەت ئیشی هەرە گرنگی ئەوەبوو کە هەر گەنجێکی شەقلاوەیی، کوڕێکی باش بووایە... و بیری نیشتمانی هەبوایە ڕاوی ئەنا و ماڵی وێران ئەکرد!! جگە لەو کوڕە، کچێکیشی بەجێهێشت کە بەسەر دایکێکی خاوەن (١٠) منداڵ بەژن چوو... ژیانی ئەو خێزانەی تاڵ کرد... بە ڕای من ئەگەر (مام مستۆ) لە دەستی هاتبا... هەموو شەقڵاوەی ئاگر ئەدا و ئاگرەکەشی ناکوژاندەوە ئەگەر هەموو عالەمی گرتبایەوە و... خۆشی تێدا چووبا!!.

بەڵێ کە دیمەنەکەی ٢٤/٧ م دیت، یەکسەر مستۆم هاتەوە یاد و بەتاڵی خوزییێکم قووت دایەوە... گەورەم گیرا... هەناسەم تەنگ بوو، لە دڵی خۆما پرسیارم ئەکرد:

– ئایا... ئێمە لە سەدەکانی ناوەند و لەژێر نیری... ئاغا و میر و... دەرەبەگ ئەژین؟!... یان لە عەسری ئەلەکتریک و ئۆتۆم و چوونە ئاسمان و ناومانگ؟.

لەناو گێژاوی ئەم خەیاڵانە... ئاورێکم لەپشت خۆم دایەوە، نازانم بۆچ ئاوڕم بەرەو پاش دایەوە... ڕەنگە (لاارادی) مەترسی ئەوەم بووبێ کە لەپشتەوەم پەلامارم بدەن وەکو کابرای دزم لێ بکەن؟!... بەڵام لە پشتەوەم تەنها دوو سێ کەسی بێگانەم هاتنە بەرچاو... یەقین خەڵکی ئەم «ڕۆژهەڵاتە» نەبوون... کە بەواق وڕماوی سەیری دیمەنەکەیان ئەکرد... وە سەریان ئەهەژاند!! لێت نەشارمەوە کە چاوم بەو بێگانانە کەوت، خەریک بووم لە شەرما بتوێمەوە... بەتایبەتی کە بیری ئەوەم ئەکردەوە، ئەگەر ئەمانەلە چۆنیەتیەکە تێبگەن و بزانن ئێمە لە کوردستان وا چارەسەری گیروگرفتی کۆمەڵمان ئەکەین ڕاستەوخۆ وا لێک ئەدەنەوە.

«ئەم میللەتە... هێشتا لە (قرونی وسطی) ئەژین»

«ئەم میللەتی کوردە... هێشتا ژیانی دارستان و تیرە و قەبیلەی هەر لا باوە».

«ڕاستە ئەم کوردە... هێشتا کێوی و دڕندەن» و... هتد...

بەڕاستی خەریک بووم لە شەرما ببمە دڵۆپە ئاوێک... لەشم عارەقەی کرد، بەبێ شعور لاشەم ڕەکیش کرد و... وەکو شەرمەزارێک... یان وەکو «مستۆ» خۆم لە کۆڵانێکی تەسکی بازاڕ شاردەوە...

ئیتر لەو ڕۆژەوە خەیاڵی ڕەش بەرۆکم بەر نادەن... وشە و خەوم لێ ئەپچڕێت... لە خەوما... خۆم وەکو دڕندەیەک دێتە بەرچاو کە ددانی درێژ و تیژم گڕ کردوونەتەوە و... دەمم بەش کردۆتەوە و گاز لە خۆم ئەگرم!!

گاز... لە لەشی خۆم ئەگرم.

له کـتـێـبـێکی «علم النفس» حـاڵـەتێکی وەکـو هی خـۆم... هاتبـوە بەرچاو... وە بۆ عــیــلاجی ئەم جــۆرە حــاڵـەتانە... هەر ئەم ڕێگایە هەیە... یان ئەبێ بـەنووسین... یان بەدەنگدان... ئەم بیرانە لە دڵی خۆم ببەمە دەرەوە.

منیش وام بەباش زانی کە ئەم چەند دێڕەت بۆ بنووسم... لەبەینی من و خۆت باشترە لەوەی عالەم و کۆمەڵ هەستدار بێت و شتەکە بزڕێت.

کـاکـە برا... ئـێـمـە لە کـوێ ئەژین... لەم عـەصـرە کـەی چارەسـەری تاوان بـەم ڕەنگ کراوە... بێ گـومـان ئەزانیت کە هەمـوو زانا و ڕۆشنبـیرانی جیـهـان دژی ئەم ئسلوبەن لە مکافحە و نەهێشتنی تاوان... هەموو زاناکـانی کۆمەڵایەتی و قانونی لەسەر ئەمە ڕێکن کە تاوان (جریمە) هۆ و...پاڵپێوەنەری هەیە... وە لە هەندێ وڵاتان تەنانەت بەندیخانەش کراون بە تیمـارخانە و قوتابخانە و کـتێبخانە... بۆ چارەی تاوان و تاوانباری وە ئەوەیان لا ڕوونە کـە تاوان لەسـەر بنجی نەخۆشی ڕواوە... وە چارەسـەری نەخۆشـیـیـەکـە چارەی تاوانەکەشی پێوەیە. کاکە شێخ ڕەزای عەزیز...

وا بزانم پێــویست بەوە ناکـات کـە بچـمـە ناو دەریای زانست و فـەلسـەفـەی کۆمەڵایەتی... بۆ ڕوونـکردنەوەی مەسەلەکە، چونکی لە وەختێکا کە من... لەم ڕووەوە... کەموکوڕیم هەیە... گومانم نییە تۆش لە من شارەزاتری و لەمن دڵپاک و دڵسۆزتری بۆ گەل و نیشتمانەکەت... بۆ مرۆڤایەتی بەتێکڕایی...

بڕوام پێ بکە... مرازم لەم نووسینە مناقشەی تیوری زانستی و دەرسدان نییە... وە تەنیـا غــەرەزم هەر ئەوەیە کــە دەروونی خــۆم ڕوون و پاک بکـەمــەوە... و پەســتی و نالەباری و پەشێوی بڕەوێنمەوە...

بەئومێدی ئەوەی لەم کابوسە ڕزگاربم کە... (١٠) دە شەوە تووشم هاتووە... بەهیوای ئەوەی ساتێک بەحەساوەیی... چاوم بچێتە خەو... و جستوجۆی ئەو دەروونە و شۆڕشی بیری ئاڵۆزاومی پێ دابمەزرێنمەوە.

ئیتر هەر بژی... بە سەرکەوتوویی و سەربەرزی

لەگەڵ ڕێزی برای بچووکت: محەمەد مەولود «مەم»

ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد

و سەرەکی نووسینی گۆڤاری (هەولێر)

***





هەولێر ٣/٥/٩٦١

*بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆژی نوێ:*

خاوەن و بەڕێوەبەری لێپرسراو: پارێزەر جەمال حاجی فەقێ شالی دەستەی نووسەران - کامەران و محرم محەمەد ئەمین و هاوڕێکانیان.

لە ژمارە دووی ساڵی دووی گۆڤارەکەتان.. چاوم بەچیرۆکێک کەوت بەناوی «بێ وڵات نیم» گوایە نووسەرەکەی (مەم)ە، چیرۆکەکە کۆمەڵێک بوو لە قوڕکاری و (مسخ)، وا دیارە بەم ڕەنگە نەبوایە لەگەڵ زەوقی تەشریفتان!! نە ئەسازا، وەبەلای ئێوەوە... هەر کردەوەیێک ئەگەر دروشم و تۆپ قوڕی ئێوەی پێوە نەبێت بێ کەلک و تام و بۆیە و دوورە لە هونەر.

بەعەقل.. مرۆڤی وەکو ئێوە.. خوێندەوار!! موسەققەف!! سەرکردە!! قیتوقۆز!! ئەگەر بەچاوی لوتفەوە.. حسابێکیش بۆ هەست و زەوقی کەسانی تری کۆمەڵ بکەن.. چ لە قیتوقۆزی و گەورەیی و.. ئەو هەموو سیفەتانەتان کەم نابیتەوە؟!.

داخەکەم ئێمە زۆر زوو هەڵئەخەڵەتێین، من یەک بەمەبەستی خۆم هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە مرۆی وەکو ئێوە دەستدرێژی بۆ سەر حقوقی من بکەن و بەزیندەوار لە خەڵک بگەن و بەچاوێکی سووک تەماشایان بکەن.

چیرۆکەکەش.. وادیارە.. خوای چیرۆک کە سەر لە گیرفانی ئێوە هەڵدێنی... ئیرادەی وا فەرمووە کە بەو شێوە خوار و گێڕە بێت کە لە کەشکۆڵەکەتان بڵاوکراوەتەوە، دەسەڵات چییە، ئەوە فەرمانی خۆیەتی، چاک نییە وەکو (شای قەرەجەکان) بەچەشنێکی «تافە»... بێ تام و بێ ئامانج... فەرمانی بەخنکاندنی نەداوە!؟.

بەڵێ هەر خۆتان (صاحبن) ئێمە هەموو... بەندەو کۆیلەو... ئەو دەمارەمان.. لە لەشدانییە.. کە بێز هەڵئەسێنێ.. بێز.. بێز.. بێز..

بەڕاستی شەرمە مرۆ چڵکی دەستی خۆی بەڕووی خەڵکی تر بسڕێتەوە، ئەو دەستە بشورێ یا ببڕێ باشترە.. لەوەی مێشک و مەعیدە و ڕووی کەسی تر بشڵەقێنی و بشێوێنی.

محەمەد مەولود

لە مدیریەتی بەلەدیاتی لیوا

وێنەیێکی بۆ

– دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هیوا

– دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ژین

– مامۆستا کامل حسن بصیر

تکایە ئاگادار بکرێن... کە ئەو چیرۆکەی لەسەرەوە باسکراوە لە نووسینی (مەم) نییە.

***

هەولێر ١٩٧١/٣/٢٥

*بۆ: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیراسەی کوردی – بەغدا*

*لە دوای ڕێز لێنان:*

بۆ وەڵامی فەرمانتان ژمارە ٧٦ی ڕۆژی ١٩٧١/٣/١٧ .. ئارەزوومە پێتان ڕابگەیەنم کە:

١– لەبەرئەوەی بڕواییم بەو شێوە و ڕێڕەوە نییە کە وەزارەتی کاروباری ژووروو بۆ وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکانی کورد لەسەری ئەڕوا... و بەلای منەوە ئەو شێوە و ڕێڕەوە زیانی پتر ئەبێ لە قازانج و نامان گەیەنێ بەو ئامانجەی بۆی تێ ئەکوشین لە پێناوی هێنانە بەرهەمی کتێبی قوتابخانەی یەک شێوە و یەک ڕەنگ و سەنگ وە ئەبێتە هۆی سەر لێ شێوانی ڕۆڵەکانمان و ڕەوینەوەیان لە زمانەکەیان و سوود وەرنەگرتنیان لە ناوەڕۆکی کتێبە وەرگێڕاوەکان لە دواڕۆژدا کە ئەمەش گوناهێکە پێویستە لێی دووربکەوینەوە.

تکایە ببوورن لە قبوڵکردنی ئەندامیی لیژنەی وەرگێڕانی کتێبی «پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی – پۆلی دووەمی ناوەندی) کە بەپێی فەرمانی سەرەوەتان بۆی دانراوم.

٢– پێم خۆشە ئەوەش بزانن کە شێوە و ڕێڕەوەکەی «یەکیەتی نووسەرانی کورد»و سەرۆکەکەی «مامۆستا هەژار» دایان نا بۆ ئەم کارە بەپەسەند و پڕ سوودی ئەزانم.

٣– هەر بۆ ئەوەش کە ڕێ بگرم لە قسەی ئەم و ئەو ئامادەیی خۆم دەرئەبڕم بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە بە «تەنیا» و بەبێ ئەوەی چاوم لە چ پاداشتێک بێت بەمەرجی ئەوەی پارەیێک کە تەرخان کراوە بۆ ئەم ئیشە بەسەر قوتابییە هەژارەکانی ئەو قوتابخانانەی خۆم دیاریان ئەکەم دابەش بکرێ.

لەگەڵ سوپاسی زۆر

بچووکتان: محەمەد مەولود مەم





وێنەیێکی بۆ:

وەزارەتی کاروباری ژووروو –مەکتەبی تایبەتی–

بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردنی (محافظە)ی هەولێر/ بۆ ئاگاداری فەرموون.

یەکیەتی نووسەرانی کورد – بەغدا/ بۆ ئاگاداری فەرموون.

***

هەولێر ١٩٧١/٥/٥

*بۆ یەکیەتی نووسەرانی کورد – بەغدا*

لە بابەت: لیژنەی گرەوی چیرۆکی کورت

نیشانە بەنامەتان ژمارە ٢٦٣ی ڕۆژی ٩٧١/٤/٢٠

پاش لێکۆڵینەوە لە بارەی چۆنیەتی ڕەفتاری لیژنەکەمان بۆ هەڵبژاردنی چیرۆکە سەرکەوتووەکان، ئەم تێبینییانەی خوارەوەتان بۆ ئەنووسین:

١– لە بابەت گرێی (٢)ی نامەکەتان، وەکو دیارە دوو حاڵەت دێنە کایەوە:

حاڵەتی یەکەم: أ– دوو ئەندام چیرۆکە سەرکەوتووەکان دیار و پەسند ئەکەن.

ب– ئەندامی سێیەم دژی دوو ئەندامەکەی تر ڕائەوەستێ!!.

واتا لە ئەنجام چیرۆکەکان بە دوو دەنگ هەڵئەبژێردرێن ئایا بەم دوو دەنگە چیرۆکەکان بە سەرکەوتوو دائەنرێن یان نا؟

بەڕای ئێمە ئەبێ وابێ کەچی نامەکەی ئێوە ئەم لایەنە باس ناکات.

حاڵەتی دووەم: أ– ئەندامێک دەنگ بۆ پەسندکردنی چیرۆکەکان ئەدات.

ب– ئەندامی دووەم دژی ڕای ئەندامی یەکەم ئەوەستێ.

ج– ئەندامی سێیەم دەنگ نادات و کڕی ئەنوێنێ، واتا حیساب بۆ دەنگەکەی ناکرێت! ئایا لەم حاڵەتەدا چۆن بڕیار ئەدرێت؟

٢– ئایا هەڵوێستی ئەندام «محەمەد مەولود –مەم» کە بەشداری گرەوەکەی کردووە چۆن نەبێت؟ بۆ ئەوەی زیان بەچۆنیەتی خۆی نەگات؟

٣– تکایە بەزووترین کات لەگەڵ ڕای خۆتان لەسەر ئەم تێبینییانەی سەرەوە چیرۆکە بەشداربووەکانمان بۆ بنێرن تا بتوانین لە کاتی دیاریکراو بڕیاری خۆمانیان لەسەر

بدەین.

ئێمە پێشنیار ئەکەین کە ئەندامانی لیژنەکەمان لە ١٠-١٥/٦/٩٧١ ئەو کۆبوونەوەیە بکەن کە لە گرێی «٥»ی نامەی سەرەوەتان باسی لێ کراوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی پێشەکی بکەن بۆ بڕیاری دوایی دان.

لەگەڵ ڕێز و سوپاس

محەمەد مەولود مەم- ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنی چیرۆکی کورت

عەبدولسەمەد خانەقاە- ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنی چیرۆکی کورت

***

أربيل- ٦ شباط ٩٧٣

الى/ جمعية الفنون والآداب الكردية - فرع أربيل

تحية وبعد

لما كانت مسرحية «خالۆی ڕێبوار» المعدة من احدى قصصي ومن قبلكم قد تجاوزت الفكرة الواردة في القصة، وشوهت مقاصدها خاصة في المشهد الأخير الذي تميز بالتهريج واثارة المشاعر والعواطف، باسلوب ليس من الفن في شئ... مما أثر على سمعتي الشخصية ومكانتي الأدبية، ولما كانت موافقتي على عرضها مشروطة بقصد مساعدة الجمعية على جمع مبلغ من المال تعينها على تمشية امورها فحسب، ولم تكن بقصد الأتجار وجمع المال عن طريق اعادة عرضها لمرات عديدة وفي أماكن مختلفة «غير مدينة أربيل» وعلى شاشة التلفزيون.

علية أطلب منكم الكف عن عرض المسرحية في أيه جهة أخرى و بخلافه فأنني أتمسك بحقوقي في كل ما يترتب على تجاهلكم لطلبي هذا وبقدر ما تسمح بها القوانين والأنظمة المرعية.

المخلص: محمد مولود «مەم»

صورة منه الى:

محافظة أربيل - الجمعيات - للتفصل بالعلم رجاءً.

جمعية الفون والآداب الكردية - المركز - في السليمانية للعلم رجاءً.

أربيل- ١ حزيران ٩٨١





الى: الامانة العامة الادارة الثقافية والشباب المحترمة.

الموضوع: طبع كتاب

اشارة الى كتاب رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان «مديرية الديوان العامة» شئون المجلس- المرقم ٦٩ في ٩٨١/٥/٣ الموجه الي وصورته اليكم- ارجو ان ابين لكم ما يلي:-

١) ان كتابي موضوع البحث، وضع لمناسبة السنة الدولية للطفل/ ٩٧٩ وسلمت مسودته الى مسئول لجنة التعضيد والنشر في امانتكم، وكان المفروض ان يتم طبعه خلال المناسبة حسب طبيعة الاشياء.

٢) لقد تجاهلت الامانة هذه الحقيقة، كما انها لم تقم حتى باجراء معاملة شراء حقوق طبعه ونشره، طبقاً للقانون وللاصول المتبعة في هذا الشأن.

٣) كان المفروض ان تعاد مسودة الكتاب الي عندما ظهرت لكم تعذر طبعه لاي سبب كان، او في حالة عدم رغبتكم في طبعه ونشره، وهذا حق لكم لا ينكره احد.

٤) الا انكم وبعد استنعاد محاولاتي الشخصية واضطراري لمراجعة المجلسين التشريعي والتنفيذي الموقرين، وبعد مرور حوالي السنتين على المناسبة سارعتم، وبصورة مرتجلة ومن اجل التغطية على الموضوع... سارعتم الى الضغط على صاحب المطبعة لطبع الكتاب كيفما اتفق وبدون ضوابط وقد نتج عن ذلك ما يلي:-

أ- فقدان غلاف الكتاب وتبديله بآخر مغاير، وضياع صفحة من محتوياته والعثور عليه اخيراً كما يقال.

ب- الغاء صفحة الاهداء لاخفاء حقيقة المناسبة التي كتب من اجلها وهي السنة الدولية للطفل/٩٧٩.

ج- عدم طبع الكتاب باسلوب كتب الاطفال التي تصدر عن المؤسسات التي تهتم بثقافة الاطفال في القطر «وزارة الثقافة والاعلام، دائرة ثقافة الاطفال، دار النشر الكردية، دار الجاحظ، الدراسة الكردية، دار الرشيد، وغيرها». ومنها امانتكم بلذات التي تراع حتى اسلوبها في طبع كتب الاطفال في منطقة الحكم الذاتي، وبالنسبة لكتابي هذا فقط، وكانها ارادت مسخه وتشويهه عن قصد... والمس بسمعتي ومكانتي الادبية دون حق.

٥) ان تعامل الامانة مع كتابي هذا على الشكل المبين في اعلاه، يعتبر استيلاء عليه وتصرفاً به دون شرعية وهو مخالف للدستور الذي يؤكد على حرمة ممتلكات الغير وتجاوز واضح على القانون رقم/ ٣ لسنة ٩٧١ الذي يحمي حقوق المؤلف.

للتفضل بالعلم مع الرجاء اتخاذ ما ترونه مناسباً لتلافي كل ذلك مع الشكر.

محمد مولود (مەم)

اربيل

صورة الى:

المجلس التشريعي لمنطقة كردستان الموقر/ اشارة للمخابرة اعلاه... للتفضل بالاطلاع مع فائق شكري وتقديري.

المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان الموقر/ اشارة للمخابرة اعلاه... للتفضل بالاطلاع مع فائق شكري وتقديري.







مەم  لە ساڵانی سییەکاندا



محەمەد مەولود – مەم – ی چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوان و ڕۆماننووس

# چەند نموونەیەک لە نامەکان

# بەدەستنووس



خليل حسن زنگنه
تجارة عامة
KHALEEL IASSAN ZANKANA
GENERAL TRADE







بۆ برای خۆشەویستم کاکە حەمەی مەم

رۆژ باش

هەواڵت ئەپرسم ، هیوام وایە لە خۆشی دابی ،
نامە خۆشەکەتم پێ گەیشت ، ئەوا وەڵامی ئەدەمەوە:
١- خۆزی لێ بە کێتییەکەمانم بوت ناردە ، ئەگەر
بە تەمای ئەوە بوویتایە ئەوانەی پێویست بوو بۆت
دروست بکەن و بینێرن ، ئەوا هەر پێت نە ئەگەیشت،
ناچار بووم کە نامەکەتم وەرگرت خستمە سەرشانی
خۆم و بە شەو هێڵێ تەواوم کرد .
٢- ئەوا دیسانەوە دەمەوێ کە ئاپۆنەم بۆتان
رەوانە کرد ، هیوام وایە تا رۆژی کۆنفرانسی
ئێوە هەمووی پێ گرا بێتەوە ، بە تایبەتی سوری
ماڵگە .
٣- ئێوارەی رۆژی ١٤/١/١٩٧١ لە هەولێر کۆ بووین
هیوام وایە کۆنفرانسەکەمان سەرکەوتوو بێ .
٤- ئێمە وا بە یەکی نووسیویانە کورد ئەبێ تا
کۆنفرانسی ئێوە دەربچێ ، خوا بکا بێتە لەگەڵ
خۆمانا بۆتانی بنێرینەوە .
سەلامم بۆ هەموو لێلیاتی ، منداڵەکانم هەموویانتان
ئەپرسن و چاوی منداڵەکانت ماچ ئەکەن ، کاکە
هەژار دوو رۆژە لە ماڵەوە کەوتووە ، لەوانەیە
بەم زووانە بێتەوە لاتان ، حەز ئەکات بۆ بینینی
خۆشتان باش بکە ئەوە بۆ کۆنفرانسەکە .
ئیتر ئەمە چاوەڕوانی هیمەتتانم .

[illegible]
برات
٢٨/١٢/١٩٧٠





ANNABA – ALGERIE

الدکتور معروف خزنەدار
معهد اللغات والآداب
جامعة - عنابة
عنابة - الجزائر

بۆ برای خۆشەویستم مامۆستا کاکە حەمەی مەم [illegible] پێشکەشە

رۆژتان باش

چاوەکانت ماچ دەکەم ، و پێت و خوازیشاتم بۆ [illegible] ، چاوی منداڵەکانت ماچ دەکەم
هەرچۆنێ بۆ گەیشتە هەواڵی ئاردەم . ئەو کارەی بۆی هات بووم وا تەواو بووە [illegible]
[illegible]
خۆشە . بە تایبەتی وەختی وکا [illegible] زۆرە بە [illegible] کارەکەم بۆ
تەواو [illegible] تەواویان دەکەم .. ئێستا وەکو دەبینی باشم ، بەڵام دوور
[illegible]
هەرچۆنێ بێ [illegible] دەتوانم بێمەوە .
هێشتا لە [illegible]
[illegible]
[illegible] بە وەقت بێ .
[illegible] دەکەم ، هەرچۆنێ بێ [illegible]
سڵاو لە هەموو دۆست و برادەران دەکەم ، بۆ هەموویان [illegible]
[illegible] بۆیان دەنووسم .
[illegible]
بۆم بنووسە . [illegible] هەواڵی [illegible]
بنووسە دەگات .
دووبارە چاوەکانت ماچ دەکەمەوە . [illegible]

[illegible]
برات

برای خۆشەویستمان
کاکە ئەحمەد ـ

لە ناخەوە، داوای لێبوردنتان لێ ئەکەین..

خۆی حاڵی بە ـ دەمێکە زانیمان کە وتوویە بەرێزدی زانستی.. ئەگینا ـ ئەوەمان ـ فریا ئەخستین.. هەر خۆشتان لێ ئەمانە هەموو ـ لە معقوولە ـ لە بەر ئەوە بەڵام ئێستا ئەوەشمان لە ئەوەی ئێوەوە بکەوێ لێ ئەکرێ و چۆنی ئەدرێ بە دەم و چاوی.. بیانی خۆشی بوو ئە ماوەیەکا ـ مردن ـ بیانووەکی تری دایێ.. بەڵام دیارە ئەزانێت کە ساڵیان بەرامبەر بە بیانووەکانی ئەوانی ئەو (ئەوە)ی کە لە بەردەمیا بە خۆڕا هەڵیداوە..

ئێمەمان خۆشمان بوو ـ [illegible] هەر خۆمان.. دوای بە خۆ.. ـ بە جێی [illegible] ـ ئێمە و ئەوانی لە وەک سالە ئە بیشە وەکە بە جێی تر کراون.. [illegible].. ساڵی شۆڕشمان.. [illegible] شتێک.. بڕادەرانی تر و لە بیرمان ئەوانیشەوە.. و دووبارە ئەکەینەوە.. کە زۆرمان بە یا خۆشمان بوو.. رزگاریتان [illegible] بوو ـ ئایەتی لە دوای ئەوەی ئە خۆشتانە لەگەڵ لە شتانا ئەم دوایەیەدا کەوتووە دڵدارانە کردنی [illegible]..

دیسانەوە خۆشتانا و لێبوردن.

[illegible]
۱۹۷۲/۹/۲۸

[illegible]
۱۹۷۲/۹/۲۸

هاشم عارف
۱۹۷۲/۹/۲۸

ساڵح شۆڕش
۱۹۷۲/۹/۲۸





برای ئەدیبی خۆشەویستم کاکی مەم، پێشکەشە
زۆر بە شێکی گەرم و گوڕت لێ بێ..

نامەکەی خۆم و کاکم گەیشتە لەگەڵ وەکالەتەکەتان.
خاو و خێزان هەموویان سڵاویان هەیە، لە سەرێ ئەو دۆکتۆری کاکم، زۆر سوپاست ئەکەین بە دڵ ئەتانگێنم بیرکردنەوەتان لە تەندروستی سڵاوتان، شوکر ئێستا باشترە،

کاکی مەم شێرەی چاپکردنی چیرۆکەکانت بۆ ڕا ئەگەیێنم هەتا ئێستا مژدەی لێ چاپ کراوە، ئومێد زۆرە کە بەم زووانە کۆتایی پێ بێت و لە چنگی خاوەن چاپخانەکان نەجاتمان بێت..
دووبارە مژدەی فەستەنە [illegible] ئەفتەری کوردەواری بێت بۆ ڕا ئەگەیێنم، بەڵام لەوانەیە ئەم مژدەیە بۆ ئێوە نەختێک دڵ تەنگی تیابێت، لەبەر ڕێگە نەدانی بە [illegible] بڵاوکردنەوەی بیرەسالارەکانی ئێوە، کە بە شێوەی نامە بۆ کاکمتان نووسیبوو، کاکی مەم ئەمەش دڵ تەنگی بۆ نالێن، بەڵکو ئەمە بە ئەگەیێنی ترە، بۆ ئەوەی ئێوە هەر گیز نابێ و نا شتوانن چاپکەن بە لەبیری گالیسکە شۆڕەکە یان، بەڵکو گالیسکە یەکە و تووەکە یان، تەنیا ئەم

لە بابەت کاغەزی خاوەن چاپخانە و وەرگرتنی رەچەتی پێویست نالا، ئێمە شارەزای ئەوەیە و لەوانەیە ساختە بکا.
یەکێتی ئەدیبانی کورد، ئەوا خەریکە میری ڕێگای بدا و بەم زووانە داوا ئەکرێن بۆ کۆنگرەی یەکەم، خۆت ئامادە بکە، زۆر چاکتان کرد پیرۆزنامەی لەو پەنگرتیان لە هەولێرەوە ڕەوانەکرد.
تکایە شتێکی جوان ئامادە بکەن بۆ بەرگی دووی دەفتەری کوردەواری

ئێتر سڵاوی بێ پایانتان.

برات
محمد نوری فەزەندو
۱۹۶۹/۱۲/۱









جیاوەکەم کاکە محەمەد

تا هەتایە بژی بیرت دەکەم .

[illegible]





بە چیرۆکی نووسینیش دەچیرۆکێنم

لەو چەند مانگە دوایی دا، ئەوەندەم نووسیوە، بەڵام [illegible]

[illegible]










١






٢